


# ئیسماعیل بەگی رواندزی

## ڕۆڵی لە بزاڤی سیاسییدا

نووسینی: رەنگین ئیبراهیم مستەفا

هەولێر ٢٠١٧

**لەسەر ئەركی فاكەڵتی ئاداب زانكۆی سۆران چاپكراوە**

**ناوی كتێب:** ئیسماعیل بەگی رواندزی
**نووسینی:** رەنگین ئیبراهیم مستەفا
**تایپ:** ئاوارە خدر
**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك:** هێرش مەغدید باشە
**سەرپەرشتی و پێداچوونەوە:** د.ئامانج دڵزار – م.مەغدید حاجی
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە
**چاپخانە:** بینایی
**ساڵی چاپ:** ٢٠١٧

**ژمارەی سپاردن: (٤٧) ساڵی٢٠١٦ بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكانی لەوەزارەتی رۆشنبیری پێبەخشراوە**

پێشکەشە بە :-

**گشت ئەو کەسایەتییانەی بە دڵسۆزیو پاکی خزمەتی گەلەکەیان دەکەن.**

# پێرست


| | |
|---|---|
| بەر لە پێشەکی | ٥ |
| پێشەکی | ٦ |
| بەشی یەکەم//کورتەیەك لەژیانی ئیسماعیل بەگ و ڕۆڵی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی | ٩ |
| تەوەرەی یەکەم//کورتەیەك لەبارەی ژیان و ڕەچەڵەك و پەروەردەو خوێندن و پێگەیاندنی | ١٠ |
| تەوەرەی دووەم//ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی لە ڕواندز لەبیستەکانی سەدەی بیستەم دا | ١٥ |
| تەوەرەی سێیەم//هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئیسماعیل بەگ | ٢٣ |
| بەشی دووەم//ئیسماعیل بەگ وەك ئەندامی ئە نجوومەنی نوێنەرانی عێڕاق | ٣٠ |
| تەوەرەی یەکەم//هەڵبژاردن و بەشداربوونی بەنوێنەری هەولێر لەیەکەمین ئە نجوومەنی دامەزرێنەری دامەزرێنەری عێڕاقدالە ١٩٢٥ | ٣١ |
| تەوەرەی دووەم//ئیسماعیل بەگ لەخوولی دووەمی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٨ | ٣٩ |
| تەوەرەی سێیەم//کۆتایی ژیانی ئیسماعبل بەگ و دەنگ دانەوەی کارەساتی کوشتنەکەی | ٤٥ |
| دەرە نجام | ٥٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٥٦ |
| لیستی پاشکۆو وێنەکان | ٦١ |

# بەرلە پێشەکی

ئەم ( ناميلكەيە )لەبنەڕەتدا توێژینەوەی دەرچوونە، ساڵی خوێندنی( ٢٠١٣-٢٠١٤ )لەلایەن نووسەر و قوتابی مێژوو ( ڕەنگین ئیبراهیم ) پێشکەش بە بەشی مێژوو لە زانکۆی سۆران کراوە، وەکو بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبواری مێژوو، بەئاستێکی( زۆرباش )یش وەرگیراوە. ئێستا ڕەنگین خان کارێکی چاکی کردووە کەئەم توێژینەوە زانستییەی وەکو کتێب بڵاو دەکاتەوە ، چونکە یەکەمین توێژینەوەیە پشت بە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە دەبەستێت و لەسەر کەسایەتی کورد پەروەر ( ئیسماعیل بەگی ڕواندزی ) لەقەوارەی کتێبێکی سەربەخۆ بڵاو دەکرێتەوە، ئەگەر قەوارەکەش بچووك بێت بە( ناميلكە ) سەیر بکرێت ،بەڵام ناوەڕۆکەکەی دەوڵەمەندەو کەسایەتییەکی ناوداری کورد باس دەکات و بەووردی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئە نجام داوە .بۆیە ئەم هەنگاوەی نووسەر مایەی دەستخۆشی لێکردنە و هیوادارم بەردەوام بێت لەسەر کۆکردنەوەی سەرچاوەی زیاتر دەربارەی ئەم کەسایەتییە و چاپی دووەمی کتێبەکەی دەوڵەمەند تر بێت.

مەغدید حاجی

مامۆستای مێژوو لە زانکۆی سۆران

# پێشەکی

شـاری ڕوانـدز یەکێکەلـە شـارە کۆنـەکانی باشـووری کوردسـتان، ڕۆڵـی سیاسـی و کـارگێری و کۆمەڵایـەتی هەیـە لەمێـژووی کـورد بەگشـتی و ناوچـەکانی دەوروبەر بەتایبەتی.

لەسـاڵی١٩١٨ دوای تـەواو بـوونی جـەنگی یەکـەمی جیهانی، دەسـەڵاتی دەوڵەتی عوسمـانی لەشـارەکە نـامێنێ و دەکەوێتـەژێر چـنگی ئینگلیزەکـان .بـاری ناهـەمواری وبرسـێتی مـاوەی جـەنگ کۆتـایی پـێ دێـت و بـەریتانیا هەڵدەسـتێت شـارەکە دەخاتەسـەر لیـوای هـەولێر ،دامەزرانـدنی دام و دەزگاکـانی ئینگلیـز و بەڕێوەبەرایەتیـەکان ئەوکاتـە هاوشـانە لەگـەڵ شۆڕشـەکانی شـێخ مـەحموود لەسلێمانی ،بەشێك لـە خـەڵکی ڕوانـدز لەگـەڵ شـێخ مـەحموود هـاو ڕابـوون پـەنا ببەن بۆ کۆماری تورکیای تازە دامەزراو و دژی ئینگلیز.

کەسـایەتی ئیسـماعیل بـەگ بەلامـەوە زۆر گـرنگ بـوو چـونکەلەو ژیانەکورتـەی خـۆی دازۆر لێهاتوانـە کـاری کـردووە لـەبوارەکانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و کـارگێری وڕۆشـنبیری و بوارەکـانی تر,تـوانی سـەرنجی سـەرانی ئینگلیـز بـەلای خۆییـدا ڕابکێشـێت و لـە سـاڵی ١٩١٩-١٩٢٠ لەلایـەن حـاکمی ئینگلیـز بـەحاکمی شـارەکەی هەڵـدە بـژێردرێت ئینجـا بەنوێنـەری شـاری هـەولێر لەئە نجوومـەنی نوێنـەرانی عێراقـی هەڵدەبـژێرێت لـە( ١٩٢٥-١٩٣٣ ) واتـەدووخولی یەکـەمی هەڵبـژاردنی سـەردەمی پاشـایەتی، لەو ماوەیـەدا چـەندین داواکـاری و بـیرو بۆچـوونی نیشـتمانی و نەتـەوەیی دەخاتەبـەردەم حکومـەت، کاری وەهای بۆ کـورد کـردووە کـە دەگمەنـە و لـە پەرلـەمان زۆر بـە باشـی بـەدیار

دەکـەوێت کـە ئامـاژەی بـۆ چـی کـردووەو داوای چـی لـە حکومـەت کـردووە ئێمـەش لەڕێگەی بەلگەنا مەکانەوە دەیسەلمێنین.

بۆیـە ئامـانج لـەم توێژینەوەیەداخسـتنەڕووی ڕۆڵـی ئەنـدامێکی کـوردە لەئە نجوومـەنی نوێنـەرانی عێراقـدا، بۆ هەوڵـدان بـە درکانـدنی کێشـەی کـورد لـەلای سـەرانی عێـراق و داگـیر کەران، ئیسـماعیل بـەگیش لـەو ئەندامانـە بـووە .کـە ئامـادە بـوو گیـانی خـۆی بـەخاك و گەلەکـەی ببەخشـێت، بۆیە توێژینـەوە لـەم کەسـایەتیە و خسـتنەڕووی لا پـەڕەکانی ژیـانی و لێکۆلینـەوە لەهەڵوێستە سیاسییەکانییم بە پێویسـت زانـی ، کـە ئـەم کەسایەتیە هەڵبـژێرم هەروەها تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی سەربەخۆی لەسەر نەنوسراوە.

بابەتەکـە پێکـدێت لـە دوو بـەش ،بەشـی یەکـەم کـە لـە سـێ تـەوەرە پێکـدێت بـاس لـە کەسـایەتیەکە دەکـات ژیـان و ڕەچـەڵەك وخوێنـدن و پێگەیاندنی و هەروەها ڕۆڵی دایکی لە ژیاتی دا.

تـەوەرەی دووەم بریتییـە لـە باسـکردنی ڕوانـدز لـەماوەی حوکمـداری ئیسماعیل بەگ کـە لـە لایـەن ئینگلیزەکـان دەستنیشـانکرا لـە سـاڵی ١٩١٩،وە لـە تـەوەرەی سـێیەمیش بـاس لـە ڕۆڵـی سیاسـی و هەسـتی نەتـەوەیی وڕۆشـنبیری و ڕۆڵی کۆمەلأیەتی کراوە.

بەشـی دووەم بـاس لـە هەڵبـژاردنی ئیسـماعیل بـەگ کـراوە لەهـەردوو خـولی هەڵبـژاردنی یەکـەم و دووەمـی ئە نجوومـەنی دامەزرێنـەرو نوێنـەرانی عێراق، پاشان بـاس لەکارەسـاتی کوشـتنەکەی دەکـەین کەبۆچـی نـاوی کارەسـاتی لێنراوە و چۆن و بۆچـی کـوژرا بە پشـت بەسـتن بـە سەرچـاوەکان بەتاییـەت دیـدارو چاو پێکەوتنەکان.

ئـــەو سەرچـــاوانەی کە پشـــتم پـــێ بەســـتوون بە پلـــەی یەکـــەم کتێبـــی هـــاملتۆن ( ڕێگـایـــەك بەکوردســـتان دا ) و مێجەرهای( دووســـاڵ لەکوردســـتان )و حوسـێن حوزنی( سـەرجەمی بەرهـەمی )و چـەندین کتێبـی دکتـۆر کـەمال مەزهـەر وە چـوار لەکتێبـەکانی ئەحمـەد حەمـەد ئـەمین هۆمـەر کەبەبایەخـەوە لەمێـژووی ڕوانـدزی کۆڵیوەتەوە، جگـە لەمانەچـاو پێکەوتن لەگـەڵ چـەندین کەسـایەتی بەتەمەن و شارەزا لەبواری مێژووی ڕواندز.

هیـوادارم بەنووسـینی ئـەم توێژینەوەیە، جگەلـەوەی ئـەرکێکی سـەر شـانم بـوو وەکـو پێداویسـتیەکی وەرگرتنـی بڕوانامـەی بـەکالۆریۆس ،سـوودێکم گەیانـدبێت بەمێـژووی کـورد بەگشـتی و شـارەکەم بەتایبـەتی بێگومـان هـیچ هەوڵێکیش بێ کەم و کوڕی نابێت.

لە کۆتـاییـدا زۆر سوپـاسـی بەشـی مێـژوو و فاکـەڵتی ئـاداب دەکـەم لـە زانکۆی سۆران، کە ئەرکی چاپکردنی ئەم توێژینەوەیان گرتە ئەستۆ.

توێژەر

# بەشی یەکەم

## کورتەیەك لە ژیانی ئیسماعیل بەگ و ڕۆڵی کارگێڕی کۆمەڵایەتی

- ***تەوەرەی یەکەم***:کورتەیەك لەبارەی ژیان و ڕەچەڵەك و پەروەردەو خوێندن و پێگەیاندنی.
- ***تەوەرەی دووەم***: ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی لەڕواندز لەبیستەکانی سەدەی بیستەم دا.
- ***تەوەرەی سێیەم***: هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئیسماعیل بەگ

# تەوەرەی یەکەم

## کورتەیەك لەبارەی ڕەچەڵەك و ژیانی ئیسماعیل بەگ، پەروەردەو خوێندن و پێگەیاندنی

ناوی تەواوی ( ئیسماعیل کوڕی سەعید کوڕی عەولاّ پاشاکوڕی بەکربەگی کوڕی بایزبەگی کوڕی ئۆغزبەگ )ی میری سۆرانە، بەکر بەگ دەبێتە مامی میرمحمد وعەولاّ پاشای باپیری دەبێتە ئامۆزای میرمحەمەد ڕواندزی( پاشای کۆرە )، ئەو لەبەگزادەکانی باپشتیانە ولەباپشتیان لەساڵی ١٨٩٥لە دایك بووە، بەلاّم بەروارەکەی دیارنیە.[1]

ئیسماعیل بەگ لەساڵی ١٩١٨بەهۆی کێشەی خێلاّیەتی( سەعیدبەگی )[2]باوکی لەدەست دەدات ولەلایەن لەعلی خانی دایکی پێدەگات وگەورەدەبێت، لەدوای مردنی باوکی خۆی ودایکی لەگەڵ باپیری( عەولاّ پاشا )بەیەکەوە دەژین لەماڵێکدا دایکی

---

[1]حوسین حوزنی موکریانی، مێژووی میرانی سۆران، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٨٩, شەڕەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، و:هەژار موکریانی، ل ل٣٥٦-٣٥٤، دیدار لەگەل فەخری سیلاحشۆڕ، لە٢٠١٤/١/٢٢ دانیشتووی شاری ڕواندزە لەدایکبووی ١٩٤٦.

[2]سەعیدبەگ:کوڕی عەولاّ پاشایە کەسایەتیەکی ناودارو دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتووی ناوچەکەو دەوروبەری بوو، پێش هاتنی سوپای بەریتانی بۆ رەواندز دەکوژرێت لە باتاس لە١٢/١٩١٨لەسەردەمی عوسمانیەکان دووجا ر دەبێتە فەرمانڕەوای شارەکەی. ئەسعەد عەدۆ، کەلە پووری کوردەواری، هەولێر٢٠١٥، ل٩٩. ؛وشیار محمد حەمەد ئەمین کۆیی، هەولێر لەیاداشت و بیرەوەری گەریدەو نوسەرە بیانیەکان دا، چا : مستقبل، لوبنان"٢٠١٣ل١١٤. ؛ ئەسعەد عەدۆ لیرەیەك لەگە نجینەی نەتەوەی کورد، چا :عەلا، بەغداد، ١٩٨٤ل ٥٤

ڕۆڵێکی گەورەی لەژیانی ئیسماعیل بەگ گێـڕا وەك هـەموو دایکێـك چـونکە ئـەوکات تەمەنی با پیری لە( ١٠٠ )ساڵ تێپەڕی بوو.[٣]

لەماڵەوەیاندا کەسایەتیەکی ترهەبوو بەناوی مستەفا ئاغا برازای لـەعلی خـانی دایکی ئیسماعیل بەگ بوو ئەگەر سمایل بەگ لەماڵ نەبوایە ئەو ئامادەبوو دیوەخـانی گەورەی ماڵی لەعلی خـان بەگـەرمی بهێڵێتـەوە، هاملتۆن دەڵێ(( ئیسـماعیل لـەڕووی پۆشینەوە جلی ئەوڕوپی دەپۆشی وزۆر ڕێك پۆشەوفێسێکی سووری تاریك لەسەردەنێت و ڕوخساری جـوان وجەسـتەی لاوازە وڕەزای سوکەوخوداهەسـت ونەسـتێکی ناسـکی پـێ بەخشیوەو ڕەوشتی زۆر بـەرزەو زۆریـش بەخشـندەیە، بەلاَم ئـەوەی نیگـەرانی دەکـات تەنیاکوشتنی باوکیەتی ،هەمیشەلەهەوڵی تۆڵەسەندنەوە دایـە، دایکی هەمیشـەدڵی پێوەیەوچاودێری دەکات.))[٤]

ئیسماعل بەگ کەسێکی زۆر دەوڵەمەنـد بـوو لەکەسـایەتیەدەوڵەمەندە دیارەکـانی ناوچەکەی بوو، خاوەنی زەوی وزاروکێڵگەیەکی بەرفراوان بوولەبـاب و باپیرانـەوە بـۆی بەجێ مابوو، خاوەنی کۆشکێکی گەورە ش بوو لەچـەندەها ژوور پێـك هـاتبوو بەسـەر

[٣] مەعرووف چیاووك، کارەساتی بارزانی زوڵم لێکراو، و:ئەبو بەکر سالح ئیسماعیل، چ١، چا: خانی، دهۆك٢٠٠٨ ل١٣٩

[٤] هاملتۆن، ڕێگایەك بەکوردستـان دا، و:عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل ل٢٦٥- ٢٦٩.، : دیدارێك لەگەل زرار محەممەد مستەفا، ڕواندز، ٢٠١٤/٣/١٠ لەدایکبووی١٩٣٥ دانیشتووی ڕواندزە خاوەنی زانیاریەکی تەواوە لەسەر ڕواندز لەعلی خان دەبێتە پووری دایکی.

شەقامەوە دەیڕوانی، وەڕۆڵێکی باشی هەبووە لەدانی زەویــەکانی بــە دام و دەزگاکــانی کارگێڕیوشوێنی ئایینی وەکو تەکییەی قادری لەڕواندز.[5]

ئیسماعیل بەگ خزمەتکارێکی تایبەتی خۆی هەبوو ئینگلیزبووە ناوی( ئیسـحاق ) بوو، توانی ئیسماعیل بەگ فێری زمانی ئینگلـزی بکــات ،هــەروەها ئیســماعیل بــەگ هەمیشــە ترسـێکی لــەدڵ بووچــونکە دەیزانــی کەواهەمیشــەبەدواوەین بۆکوشــتنی ،بۆیەهاملتۆن لەسەر زاری ئیسماعیل دەگێڕێتەوەکەواگوایەداوای ڕادیۆی لێکردووم بۆی بهێنم لەبەریتانیالەوکاتەی کەوابەسەفەر دەگەڕێمەوە،ڕادیۆکەش بۆکات بەسەربردنی شەو، چونکە شەوناخەوێت وترسی دوژمنی لەسەرە.[6]

ئیســماعیل بــەگ قوتــابی قوتا بخانــەی ڕوشــدیەی عوسمــانی بــووەو مامۆســتای لەلەندەنەوە بۆهاتووە ئەوکاتەی کەوا کوردستان کەوتە ژێر دەستی ئینگلیزەکان.[7]

مەعروف چیاوك کەلەگەڵ ئیسماعیل بەگ نوێنەری هەولێر بوون لەئە نجوومــەنی نوێنەرانی عێراق دەڵــێ:(( کاتێــك حــاکمی گشــتی مەلــەکی بــۆ هەڵبــژاردنی شــوێنە گو نجاوەکان بۆ نەستوریەکان دەگەڕا ،هاتە ڕواندزوسەردانی عەبدولاپاشای کرد ئینجا پێی وت ئەگەرداوایــەکت هــەبێ بڵێ:لــەوکات دائیســماعیل بــەگ لە پشــت ســەریەوە ڕاوەستابوو عەولاپاشاوتی مـن لەسەرســەفەری مــردنم وئــەوەش نەوەکەمــە وحــەزی لەکوردایەتیەو هەتیوە جگە لەوکەسم نەماوە لەڕەچەڵەکی خۆمــە وەکوخزمــەتکارێکی

---

[5] (( زاری کرما نجی ))( گ ): ،ژ( ٥، ) ١٧ی رەبیعی دووەم ١٣٤٥ك،ل٢٣

[6] وشیار محمد حەمەدەمین کۆیی،س.پ،ل ل ١١٤-١١٥.'هاملتۆن،س.پ،ل١٨٤

[7] دیدار لەگەڵ بورهان صدیق حارس لەبەرواری ١١/١٨/ ٢٠١٣ .یەکێکە لەمامۆستا دێرینەکانی شاری ڕواندز لەدایکبووی ١٩٣٣ئێستا دانیشتووی هەولێرە.

ژێر فەرمانتان پێشکەشتانی دەکەم ،تکام وایە چاودێری بکەن ،حاکمی گشتی مەلەکی وتی بەسەرچاو.))[8]

**لەعلی خان**

دایکی ئیسماعیل بەگە ناوی لەعلی کچی مستەفا ئەلیاسە لەساڵی(١٨٨٤-١٩٦٨)ژیاوەو لەبنەماڵەیەکی خانەدان و بەنێو بانگی ڕواندز لەدایکبووە،خاوەنی ئەم تاکە کوڕە بووە و کۆشکێکی گەورەو خۆشی هەبوو لە گەڕەکی خوارووی ڕواندز و هەمیشە بۆ میوانانی والاّ بووهەر لەنزیك کۆشکەکە مزگەوتێکی دروستکردبوو ،لەسەرچاوەکان دا بە ئاغەژن ناوی هاتووە ولەکتێبی ئافرەتانی ناودار دا ئاماژەی بۆکراوە لەڕووی سروشتی ئەم ئافرەتەوە زۆر نەرم و نیان و مەند بووە،بەهاریکار وڕێزدار بووە لەدیوانەکەی دا شاعیر و بەند بێژ هەبوون کەبەسەر کوڕەکەیان هەلدەگووت[9]

لەعلی خان یەکێك بووە لەو کەسانەی کەوا زیاتر دوژمنایەتیەکەی نێوان بنەماڵەکەی خۆی و بنەماڵەی باویل ئاغای لەلای کوڕەکەی قوڵتر دەکردەوە وزۆریش نازی بەکوڕەکەی دەدا، پاش کوشتنی ئیسماعیل بەگی کوڕی بنەماڵەکەی خۆی وەکوجاران بەرێوە برد لەژێر جاودێری برازاکەی کەناوی مستەفا ئاغا بوو لەعلی خان وەکو ئافرەتێکی ئازاو زیرەك ناوی دابوو بۆ تۆڵە سەندنەوەی کوڕەکەی قەت نەترساوە

---

[8]معروف جیاووك،کارەساتی بارزانی زوڵم لێکراو،س.پ،ل١٣٩

[9]عەقیلە ڕواندزی ،وەبیرم دێنۆ،چ١،چا: ئاراس،هەولێر،٢٠٠١.[٬]مەولود بێخالی و تاریق جامباز، ،ڕواندز شارەکەی پاشای گەورە،بنکەی رۆشنبیری شەهید رێباز،سلێمانی،٢٠٠٦،ل٣٣.[٬]عەقیلە ڕواندزی،یاد و ئافەرین،چا: پەروەردەی هەولێر،٢٠٠٥ ل ٣٥

ناوبراو ئافرەتێکی بەتواناو جەسور بوو دیوە خانێکی گـەرم وگـوڕی هـەبوو،( کاتێـك دەرۆیشتە دەرەوە چەند کەسێکی بەدواوە دەرۆیشتن . خۆی لـە دوای کوشـتنی کوڕەکـەی بنەماڵەکەی بەڕێوە دەبرد و نەی هێشت ژووری کورەکەی بکرێتەوە تـەنیا بۆجـارێکیش ،تاوەکو لەسالی ١٩٦٨کۆچی دوایی کرد تا مرد هەموو شـتێکی دونیـای لـەخۆی تـەرك کرد.کاتێ لەعلی خان کۆچی دووایی کرد ژووری کوڕەکە یان کردەوە هەنـدێ کەلوپـەلی لێبوو وەکو قەلەم وکۆمـەڵێك کتێـب و وێنـەی بەدیوارهەڵواسـراو ودەسـتەیەك جلـی ئیسماعیل بەگ و کورسی ومێزی لێبوو، وجلەکان لەبـەر کۆنیـان لەگەڵدەسـت لێـدان دەوەرین[10]

---

[10]مەولود بێخالی و تاریق جامباز،س.پ،ل٣٣.٬دیدارێك لەگەل زرارمحەممەد مستەفا،س.پ

# تەوەرەی دووەم

# ڕۆڵی سیاسی وکارگێڕیئیسماعیل بەگ لەڕواندوز

# لەبیستەکانی سەدەی بیستەم.

لەدوای داگیرکردنی بەغدا لەلایەن ئینگلیزلە ئاداری ١٩١٧ ودواتریش گەیشتن بۆشەرگات نزیك موسل ئینجا بۆکوردستان، شاری هەولێر و ڕواندزیش لەساڵی١٩١٩ کەوتنە ژێر دەسەلآتی ئینگلیز، سوپای داگیرکەر بەتەواوی کەوتە ڕێکخستن ودامەزراندنی یەکەو سوپاودام ودەزگا ئیداریەکانی خۆی، وەکوهەموو داگیرکەرێکی تری کوردستان.

یەکەم سیاسەت وفرت وفێڵیان بریتی بوو لەهەوڵدان بۆخۆ نزیك کردنەوە لەکەسایەتیە سیاسی ودەست بالآکان وخاوەن موڵك ودەرەبەگەکان.[11]

ئینگلیزەکان لەڕواندزهەڵسان بەهەڵبژاردنی ئیسماعیل بەگ کەگە نجێکی( ١٨ )ساڵان بوولەبەرواری١٥ی کانونی یەکەمی ١٩١٩بەحاکمی سیاسی ڕواندزبۆئیدارەکردنی کاروباری سیاسی وکارگێڕی لەجیاتی حاکمی سیاسی

---

[11] فەرهاد پیربالّ ،کرِنۆلۆژیای هەولێر، چا :شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨،ل٧٠. ئەحمەد حەمەد ئەمین، ڕواندز لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، لەبلاّو کراوەکانی سەنتەری ستراتیجی کوردستان. ،سلێمانی ٢٠٠٦ ،ل٣٧

**ئینگلیز.[12] ئەوماوەیەکەوائیسماعیل بەگ فەرمانڕوایی ڕواندز بووە ,خەڵکەکـە زۆرلێـی ڕازی بوون ونەستوڕیەکانی وەکوخەڵکی شارەکە هەژمارکردووە وجیـاوازی لـەنێوانیـان دانەکردووە ،هاملتۆن دەڵێت:(( لەسەردەمی ئەوداهیچ ڕۆژێك ئەوخێڵەکیـە شـەڕانییانە هیچ ئیمەیان نەترساند وشەڕیان لەگەڵ نەکردین، سەرەڕای ئەوەی لەباشـوورو بـاکورو خۆرئاوادا شەڕ لەنێوان خێڵەکان وسوپای عێراق و( راف )کەهێزی ئـاسمانی ئینگلیزبوو دا ڕووی دەدا، بەڵام کرێکارەکـانـم دوورە شەربوون.**

**ئەو( ڕێگایە )(*)شوێنێکی پڕئارامی بـوو لـەوڵاتێکی پڕلەئاشـوب دا، بـۆجێ بـەجێ کردنی ئەم ئارامیە پشتم بە پیاوەتی ئیسماعیل بەگ و پیاوەکانی وەکـو سـەید تـەها بەسـتبو، بەڵام سـلێمان بـەگی دەرگەڵـە کەلەئێشکچـیەکانـم بـوو وتـی لـە پیاوانی ئیسماعیلم ،باسی ئەو هێزەخەتەرەی بۆکردم کە لەسەرئیسماعیل بەگە.[13]**

**سـەبارەت بـەهۆکاری دەسـت نیشـان کردنـی ئیسـماعیل بـەگ لەلایـەن کابتن( های )ەوەبۆبـەڕێوەبردنی ڕواندزەگەڕێتـەوە بۆچـەندلایەنێك، وەکـو نـاوداری بنەماڵەکەی لەلایەك وزانـاو دانـایی وشارەزایی زمان ودەوڵەمەنـدی ئیسـماعیل بـەگ، چونکە زۆربەی ئەوزەویانەی کەوائینگلیزەکان لەدەوروبەری ڕواندز کەل و پەل وئـامێری**

---

**[12]دیدار لەگەل مامۆستا بورهان سدیق حارس، س.پ.' شۆرش ئەحمەد گەرمیانی، گولبژێرێك لەناودارانی کورد، چا :چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٤ :مەمدووح مزوری، مێژووی ڕواندز، چا :منارە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٩**

**( * )مەبەستی ڕێگای گەلی علی بەگە تاکو حاجی ئۆمەران لەو سەردەمەدا١٩٢١-١٩٣٢ بەسەرپەرشتی ئەندازیار هاملتۆن دروستکرا.**

**[13]هاملتۆن ،س.پ، ل ٢٥٨**

شەڕو پێداویستیەقەبارەگەورەکانی لێ دانابووهی ئیسماعیل بەگ بوون وکرێی یان پێ دەدا، هەروەها ئیسماعیلبەگ لێوەشاوەبووە بۆئەم پۆستە،کابتن های ئەوی لەهەمووکەسایەتیەکان بەشیاوتر زانیوە تاکوبتوانێ یارمەتی ئینگلیزەکان بدات،لەدوای دەست لەکارکێشانەوەی ( حاجی نەورۆزە ئەفەندی )[*]، بەلاَم کابتن های هەستی بەوکێشە خێلاَیەتیە گەورەیەی ناودڵی ئیسماعیل بەگ نەکربوو،کەبریتی بولە دوژمنایەتی نێوانیان لەگەڵ بنەماڵەی باویل ئاغا.وە مێجەر های دەڵێتهەموو گەورەو ئاغاکانم کۆ کردەوەو بەقورئان سوێدم دان کەیاریدەی بدەن و پشتیوانی بکەن،ئاهەنگی دانانی بۆئەم پۆستە زۆرگەورەبوو ڕۆژێکی مێژوویی بوو،خێڵەکانی برادۆست وبالەکایەتی و ناوچەکانی تری دەوروبەرئامادە بوون وسوێندیان خوارد بۆیارمەتی دانی ئەم حاکمە گە نجە.[14]

ئەوکات ناوچەکانی شەقلاوەو بالەکایەتی وبرادۆست و تاحاجی ئۆمەرانیش لەگەڵ گوندی شیوەڕەش و بارزان و ئاکرێ و هەریر و دۆڵی ئاکۆیان هەموویان سەربە رواندز بوون.[15]

( نوری باویل ئاغا )[16] لەو ڕۆژەوەی کەوایەکێك لە پیاوەکانی لەلایەن نەقیبی ئینگلیزلەسەر ڕاهێنانی سەربازی سزادەدرێت ،تورە دەبێت وڕادەکات بەرەوشاخەکان

---

( * ) حاجی نەورۆز ئەفەندی لەنەوەی وەستا ڕەجەب بوو دروست کەری تۆپەکانی پاشای گەورەئێستا بنەماڵەکەیان هەربەناوبانگن و نەوەکانی هەر ماون.ئەحمەد حەمەد ئەمین،ڕواندز لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی مێژوویی،س.پ،ل ٤٥

[14]هاملتۆن ،س.پ ،ل٢٥٩.'د.کەیوان ئازاد ئەنوەر،کوردستان و کورد لەچەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيدا ،چا:بابان ،سلێمانی،٢٠١٠،ل ٨٨: دیدارێك لەگەڵ مامۆستا بورهان صدیق حارس:س.پ

[15]هاملتۆن.س.پ،ل٢٥٩. دیدار لەگەڵ صالح محمد صالح لەبەرواری٢\١٢\٢٠١٣

وشەوانەدێتە نێوئاوەدانی شار و دووایی لەگەڵ سورچییەکان پە یمان دەدەن کەوا ئینگلیز وە دەربنێن لەناوچەکە.[17]

لەوکاتەدا ڕواندزبەدەستی شۆڕشگێڕانی دژی ئینگلیزەوە بوو،نزیکەی ١٨سەربازی لیڤی بەدەستی سورچییەکان کوژران و لە١٩٢٠/٨/١٢دەستەیەك چەکدار لەکابتن های دەدەن و ڕێی پێدەگرن و زۆر زەحمەت ڕزگاری دەبێت،وەلەساڵی دوتربوو کە ڕا پەرینی سورچییەکان دەست پێدەکات[18]

ژمارەی سورچییەکان ٦٠٠کەس بووە و ٢٠٠ سەربازی تورك یارمەتی دەدا ،بۆیە خەڵکەکە ناچاربوون پەنابۆهێرشی سورچییەکان ببەن لەوکاتەداسورچیەکان( ١٨ )سەربازی ( لیڤی ) یان کوشت وکەئینگلیزەکان لە ئاشوریەکان ئەم هێزەیان پێك هێنابوو،بارودۆخی شڵەژاوی هەولێریان بەهەڵ زانی تاوەکو

---

[16]نووریباویل ئاغا/لەبنەماڵەیەکی کۆن ودیاری شاری ڕەواندزە،کوڕی باویل ئاغا ی کوڕی مەلاعەزیزی کوڕی مەلاعەبدوڵڵایە )دوژمنایەتی دەکەوێتە نێوانیان لەگەڵ ئیسماعیل بەگ، ناوبراو ڕۆلێکی شۆڕش گێڕانەی بینیوە لەڕووبەڕوو بونەوەی ئینگلیزەکان لەماوەی ڕا پەرینی ڕواندزدا.مێژووی بنەماڵەی باویل ئاغا,کاسێتی تۆمارکراو .'مستەفا جندیانی –چەندلا پەرەیەك لەمێژووی پرشنگداری گەلی کورد ڕا پەرینی ڕواندز،(( ڕواندز ))،( گ )ژ( ٢ )،ل٣٧

[17]ئەحمەد حەمەد ئەمین،ڕواندز لێکۆلینەوەیەکە مێژوویی–سیاسی،س.پ،ل٤٩. 'ئەستێرە مورتەزایی،ڕا پۆرتێکی ڕواندز ساڵی ١٩١٨،(( ژین )) ( گ )،ژ( ٥ )،ل ل٢٦٨–٢٦٩

[18]کەمال مەزهەر،چەندلا پەڕیەك لەمێژووی گەلی کورد، ،ب[1]،بغداد،مط :الأدیبالبغدادیة،١٩٨٥،ل ل١٦٨–١٦٩–١١٦

**چەندشوێنێك بگرن لەوانەڕواندزو باتاس وهێـزی بـەریتانیاخۆی پـێ نەگیراوناچـار بەرەو هەولێرچونەوە.**[19]

**لەسەردەمی ئیسماعیل بەگ، ڕواندزتووشی ئاژاوەی زۆربوو، ئەوەتا نارەزایەتیەکانی نوری باویل ئاغاووجوڵاوەکانی تاوانی کوشتن وهەڵاتنی لەبەندیخانەودواتریش دەست تێکـەڵ کردنـی لەگـەڵ سورچـیەکان بۆلێـدانی لەئینگلیزئەمـەبریتی یەلە( شۆرشـی ڕواندوز )یان را پەرین.**[20]

**لەساڵی ١٩٢٠ڕواندزەکەوێتە بەرهێرشەکانی دووبەرەی سورچی یەکان ونوری باویـل ئاغا حالێکی زۆر شـپرزە بەخۆیـەوە دەبینێـت کەلـەهی سـەردەمی ڕووسـەکان باشـتر نەبوو، لەلایەن هەریەك لە( تایەر ئەفەنـدی و باویـل ئاغـا ونـوری و حەمەدەشـینی سەرچیاو خدر ئاغای کوڕی لەگەل شێخانی بجێڵ وعەشیرەتی سورچی و( شێخکاکەمینی سەران )**[21] **هێرشیان بردەسەر ڕواندزو گرتیـان ،لەئـەنجام داحـاکمی سیاسـی لەگـەڵ ئیسماعیل بەگ بەناچاری دەچێ بەرەوهەولێروخەڵکەکە لەبەر ڕەفتارو هەڵس وکەوتی ئینگلیزەکـان بـەدوای تـورك دەنێـرن تـاوەکو دووبـارە دەسـەڵاتدارێتی ڕوانـدز وەربگرنەوە، ئەولەشـکرەی نـوری وسورچـیەکانیش لەسـەروی هەموویانـەوە بـون**

---

[19]**کەمال مەزهەر، چەندلاپەڕیەك ....ه.س، ل ل١٦٨-١٦٩**

[20]**جەلال تەقی، خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی ئەحمەد تەقی داچا : ڕەنج، سلێمانی٢٠١٠، ل، ٣٢**
**:د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، کوردستان و کورد لەچەند لێکۆلینەوەیەکی مێژووییدا ،س.پ، ل٨٨**

[21]**شێخ کاکەمینی سەران :یەکێکەلەشێخانی گوندی سەرانی سەر بەڕواندز کوڕی شێخ عەبدولصەمەدە لەتەمەنێکی بچوکەوە کۆتایی بەژیانی هات، ناوبراو پەیوەندی بەشێخ مەحموودو سمکۆی شکاك هەبووەو نامەی ئۆزدەمیریشی پێگەیشتووە. تاریق جامباز، لەناودارانی دەڤەری سۆران شێخ کاکەمینی سەران، چا :شەهاب، ٢٠٠٩، ب.ش، ل١٢**

بۆلایەنگری تورك[٢٢] شۆڕشگێڕان پەیوەندیان لەگەڵ تـورك داهەبووگشـت لایەنـەکانی دەوروبەر کەلەدەستی ئینگلیزبێزارببون، ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاندبوو بۆیارمەتی دانی را پەڕینی ڕواندز لەوانە( ئامێدی وئاکرێ وزاخۆ وبارزان .....هتد[٢٣]

مەبەست لەو پەیوەندیەی نێوان خەڵکی ڕواندز و تورك هـاتنی فەرمانـدەی تـورك ئۆزدەمیرو مەفرەزەکەیەتی لەدوای داواکاری خەڵکەکە بۆ یارمەتی دانی ڕا پەڕینەکەیان لەدژی بەریتانیەکان بۆیە ئۆزدەمیر لە١٣/٤/١٩٢١دێت و بۆ ماوەیەك ڕواندز ئازاد دەبێت لە ژێر دەستی ئینگلیز ،لەئاکرێ کوشتنی ئەفسەرێکی ئینگلیز کە درایە پاڵ سورچیەکان ،ئـەوان زۆر تورەبـون وئامـادەیی خۆیـان ڕاگەیاندلەهـەموویان گرنگترهـاتنی هۆزی( ( هـەروتی ) )بووبۆلای شۆڕشـگێڕان، بەمەش لایـەنگرانی نـوری زۆر زیـاد دەکەن، شۆڕشـگێڕان دەسـتیان بەسـەربنکەیەکی سـوپای بـەریتانی داگـرت لەگوندی( بەردین )کەسەر بەهەریربوو، لـەکاتی گرتنیداگشـت کـەل و پـەل وچـەك و خـۆراك دەسـتی بەسـەرداگیرا ،کاتێك ناوچـەکانی هـەریروباتاس گـیران وگەیشتنەناوچەکانی دەوروبەری ڕواندزهێزلەناوچەکەهەبوون کەبریتی بون لـەهێزی ئیسماعیل بەگ ونەقیبی ئینگلیزومحمدئاغای وەلاش ومحمد علی ئاغـای جونـدیانی ومیر محمدی دەرگەڵەو ئاغاکانی برادۆست.[٢٤]

---

[٢٢] تاریق جامباز،هـ.س ،ل١٢ . ' عوسمان عەلی، بزاڤی هاوچەرخی کورد، و:کامران جەمال بابان ،ب٢، چا: موکریان، ٢٠١٣هولێر، ل٢١

[٢٣] جەلال تەقی ،س.پ،ل٣٢-٣٤. ' محمد مظفر الادهمی، مجلس التاسیس العراقی، بغداد ،مط :السعدون١٩٧٦، ص١٩١

[٢٤] جەلال تەقی ،س.پ،ل٣٢،س پ :کریس کۆچرا ،کوردلەسەدەی نۆزدەو بیستەم دا، و:حەمەکەریم عارف، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ،٢٠٠٤ ال٨٣-٤٦٤. 'زرار سلێمان بەگ، دەرگەڵەو بنەماڵەی میرەکان، ب.ش، ٢٠٠٠، ل١٩

**کەواتە خەڵکەکەدابەش بون بۆدووبەرە ،بەرەی ئیسماعیل بەگ ولایەنگرانی ئینگلیز، بەرەی شۆڕشگێڕان لەدژی ئینگلیز، لەوکاتەبەدواوە ئینگلیزلەڕواندز وەدەرنراتاوەکو کۆتایی هێنان بەهێزی تورکی بەسەرۆکایەتی ئۆزدەمیر وئەویش لە ئە نجامی بۆردمانی لەساڵی١٩٢٣ دا ڕواندز دەکەوێتەوەژێر ئینتیدابی بەریتانی، دیارە ناڕەزایەتیەکان زۆرگەورە بوونەو درێژەیان کێشاوە ،ئەحمەد تەقی دەگێرێتەوەکەواداوای لەشۆڕش گێڕانی ڕواندزکردووەکەوابزوتنەوەکەیان یەك بخەن لەگەڵ شۆڕشی سمکۆدا، لەوەلاّم وتیان ناتوانین بەژداربین وسمکۆش ئامادە نەبوو بێتەکوردستانی باشور، ئەم گفتوگۆیانە هی ئەونامانەن کەلەهەردوو بزوتنەوەکە داهی سمکۆ وهی ڕواندز ئاڵوگۆڕی پێ کراوەو وەناڕازی بونەلەدەست ئینگلیزو ئاشوڕیەکان ئەمانەبونەهۆی چوونی ئەحمەدتەقی بۆوان وداواکردنی خۆی وخەڵکی ڕواندزو پشدەروڕانیەوهەریر ...بۆ لایەنگرانی تورك، تورکیش بەردەوام پڕو پاگەندەی چاکسازی کردن بۆکوردستانیان بلاّودەکردەوە، بەسوپای ڕزگاری ناویان دەهێنان وە توانیان تەنگ هەڵچنن بە هێزەکانی بەریتانی لەڕواندزو ئاکرێ لەهەمان کاتدا بەشێك لە خەڵکی ڕواندزیش لەگەڵیان بوون )[٢٥]**

---

**[٢٥] د.کەمال مەزهەر، چەند لا پەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، س.پ، ل٧٢. 'هاملتۆن، س.پ، ل٢٦٣. ' کاکەمەم بۆتانی، لەدووتوێی یاداشتی شاردا، چ٣، چا: ئۆفسێتی ژێر، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ل٤٨-٤٩**

ئینگلیزەکان سەید تەهایان وەکوکارتێکیفشار بەکار هێنا لەدژی تورکەکان وەبەباشترین ڕێگەچارەیان دەزانی (سەید تەها)(*) دانرا بە قائم قامی شارەکە لە٩/٥/١٩٢٣.[٢٦]

پاشان کەدووبارە ئینگلیزەکان دەستییان بەسەر ڕواندزدا گرتەوە ئیسماعیل بەگ دەگەڕێتەوە بۆشارەکەی دەوڵەتی عوسمانی ڕووخاو بەریتانیای گەورە جێگەی گرتەوە لەعێراق.

(*)سەیدتەها: کوڕی شێخ محمد سەدیق کوری عوبێدولای نەهری یەلەسالی١٨٨٢لەدایك بووە، سەربە بنەمالەیەکی شۆڕش گێڕبووە، ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لەبزاڤی ڕزگاری خوازی ،دوای سالی١٩٣٦ لە تاران دەرمان خوارد دەکرێ،بۆزانیاری زیاتر بنوارە :ئەحمەد حەمەدەمین، ڕواندزلێکۆلینەوەیەکی مێژوویی_سیاسی،س.پ،ل٧٥

[٢٦]عوسمان عەلی، بزاڤی هاوچەرخی کورد،س.پ،ل ل٤٨-٤٩ .'ئەحمەد حەمەد ئەمین،دۆزی کورد، چا: موکریان،هەولێر،٢٠٠٨ل١٠٩

## تەوەرەی سێ یەم

## هەڵوێستی سیاسی ونەتەوەیی ورۆشنبیری وکۆمەڵایەتی

ئیسماعیل بەگ یەکێکە لە ڕۆشن فکرەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ،هەرچەندە بەتەمەن بچووك بووبەڵام خوێنەرێکی زۆر بیرمەندبوو،ڕۆشنبیرانە بیری لەکێشەی مێژوویی نەتەوەو خاکەکەی دەکردەوە،ئەوەی ئێمەلەبەردەستمان بێت ،بەڵگەیەکی بەهێزەکەبریتییە لەبیرەوەریەکانی ( هاملتۆن ودەبیلوئارهای )ە کەوابەس لەفراوانی مەودای هۆشی ئەم کەلە پیاوە دەکەن.

ئیسماعیل بەگ کەسایەتییەکی دەوڵەمەندی ناوچەکە بوو، زەوی وزاروکێڵگەو باخێکی زۆری هەبوو هەروەها زمانزانێکی باش بوو،زمانەکانی ( فارسی_تورکی_عەرەبی_فەڕەنسی وئینگلیزی )دەزانی هەروەها بەهەردوو زاراوەی سەرەکی زمانی کوردی قسەی دەکرد.[27]

لەکاتێکدالاوێکی تازە پێگەیشتوو بەتەمەن بچوك بوو،بەبەراورد لەگەڵ زانیاری وقسە پڕبایەخ و پڕماناکانی کەواهەڵگری هۆشمەندی ودبلۆماسییەتی ئەمڕۆ دەگەینێت، وەك ئەوقسەجوانەوخەزنەدارەی کەوا هەیەتی(( ئەبێ سویسڕاچۆنە بۆئەوڕوپا کوردستانیش بۆڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئاوابێ ))،ئەم وتەیەی لەساڵی ١٩٣١دا

---

[27]ئیسماعیل بەگ شارەزاییەکی زۆری لەزمانی ئینگلیزی پەیداکردبوو لەڕێی خزمەتکارە تایبەتەکەی کەناوی ئیسحاق بوو،دیدار لەگەڵ مامۆستا زرارمحمد مستەفا،س.پ.' دیدار لەگەل بورهان سدیق حارس،س.پ

لەلایەن حاکمی سیاسی بەریتانی درکانــدووە.[٢٨] ئیسـماعیل بـەگ هەمیشـەبیری لـەوە دەکـــردەوە کەواکێشـــەی کـــورد چارەســـەرنابێ ئەگـــەرهێزێکی تۆکمـــەی لـــە پاڵ نەبێت،بۆیەهەمیشــە بــەدەم پەیوەنــدی دروســت کــردن لەگــەڵ ســەرانی ئینگلیــزەوە بووتـاوەکو ڕق وکینەوداواکاریەکانی لەمێژینەی کوردلەوهەوڵەدا بدرکێنێت.[٢٩]

هەرچــەندە ئیســماعیل بــەگ بــەریتانیای بەڕێگەچــارە دەزانــی بۆپشــت بەســتن بەقوڕســترین هێــزی ڕۆژ هــەلاتی ناوەڕاســت لەوســەردەمەدا،بەلام سەرچــاوەکان لەخوێندنەوەی هەڵوێست وهەڵس وکەوتی داگیرکەری ئینگلیزئە نجامەکەی بەخرا پترین داگیرکەر لەقەڵم دەدەن ، جائەوە فاکتەری زۆرە،بەلام نابێ ڕۆڵی مێجەرنوێڵ لەبیرکەین کەوابەدەم کێشەی کوردەوەبووتـاوەکو١٩٢٢بوونی هەبوولەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.[٣٠]

هەرلەبارەی ڕۆشنبیریی ونەتــەوە خــوازی ئیســماعیل بەگــەوە دەگەڕێینــەوە ســەرمەعروف جیــاوك کەدەڵێ((هــەردەم داوای چارەســەرکردنی کێشــەی دواکــەوتنی خوێنــــدنی لەکوردســــتان دەکــــردو داوای مامۆستـاودروســـت کردنـــی قوتابخانـــەی دەکردلەسەرانی ئینگلیزودەی وت ئەوخەرجیەی لەجــەنگ دەکــرێ باشــترە بۆپڕۆســەی خوێندن وبەرەو پێش چوون تەرخان بکرێ.[٣١]

---

[٢٨] فەیزوللا برایم خان، سمایل بەگی ڕواندزی،گ:کوێستان،ژ:٨،کانونی یەکەمی٢٠٠٧ل٢٢. ، چەتۆ ئەحمەد باس،ڕواندزلەدوێنێ و ئەمڕۆ، ((ڕواندز))،(گ)ژ(١)،نیسانی ١٩٩٨/٣٠/ ٣٣

[٢٩] ڕۆبەرت ئۆڵسن،شۆرشی شێخ سەعیدی پیران،و:ئەبوبکر خۆشناو،دەزگای ،نیگا،سلێمانی ،٢٠٠٩،ل٩١

[٣٠] ڕۆبەرت ئۆلسن،س.پ،ل٩١

[٣١] د.ئازاد عوبێد سالح،مەعروف جیاوکڕۆڵی سیاسی و کارگێری و ڕوناکبیری،چا:هاشم،هەولێر،٢٠١٢،ل٢٠٢. ،فاتح ڕەسول، مێژووی سەرهەڵدانی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا ،چ٢،چا: چوارچرا،سلێمانی،٢٠٠٥،ل٢٧٧

هــەروەها ئیســماعیل بــەگ لەگفتوگۆیەکیــدا دەڵێ:(( عەرەبــەکان ئامادەنــەبوون هێندەی نینۆکێك داخوازیەکانی کوردجێبەجێ بکەن ، چونکە ئەوان کوردیــان بــەدوژمن دەزانی وبەگەندەڵ ترین وەسیلەی ژیانیان دەزانی . ))[32]

ئەم وتانەی دوای دەست لەکار کێشانەوە درکاندووە کەوا تــەواو لەمەبەسـتی عەرەبەکان گەیشتبولەبەرامبەر مەسەلەی کورددا.

ئیسماعیل بەگ لەوباوەرە دابووکەواباشە حکومەتی عێراق چاکسـازی لــەکاروباری ناوەخۆدابکات بەتایبەت بواری پــەروەردە لەناوچــەکوردیەکان،بۆجێ بــەجێ کردنــی بەڵێنە مێژوویەکان کەبەکورد درابوو.[33]

ئیســماعیل بــەگ دژبــەداگیرکاری و ســتەم وچەوســاندنەوە بوو،هەمیشــەهەق خوازبوو،هەروەهایــەکێك بوولەوکۆمەڵــە رۆشــنبیرانەی کەوابەشــداربوو لــەبڕیاردان بۆیەکرێزی ویەك هەڵوێستی ڕاوبۆچوونەکان بۆبەرژەوەندی گشتی تاکونەخشە دابڕێژن ونارەزایەتیــەکان بــدرکێنن وببێتــە هــۆی دڵگرانــی ســەرانی عێــراق وســەرانی ئینگلیز،بەتایبەت مەلیك فەیسەڵ(*)

---

[32] کامەران ئەحمەد حەمەدئەمین، کوردستان لەنێو ململانێی دەوڵەتیو ناوچەییدا، چ1، چا:ئۆفسێتی سەردەم، سلێمانی، 2000، ل22 . ،هاملتۆن، س.پ، ل184

[33] کەمال مەزهەر، ،کوردو کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیادا، ئا:عەبدوڵا زەنگەنەو شەهلا تاهیر حەیدەری چا: گرین گەلەری، لوبنان، ب1، چ2008، 1، ل152

(*)مەلیك فەیسەڵ:فەیسەڵی یەکەم ساڵی 1883لەشاری تائیف لەدایك بووە لەبنەماڵەی هاشمیە واتە کوڕی شاحوسێنی حجازە، لە23ی ئابی1921بەشای عێراق هەڵبژێردراو لە1933کۆچی دووایی دەکات و کوڕەکەی کەناوی مەلیك غازیە دێتەسەر دەسەڵات.میر بصری، أعلام السیاسیة في العراق الحدیث، دار الحکمة، لندن، 2004، ص7

**دواتریش عەبدول موحسین سەعدوون سەرۆك وەزیرانی عێراق ئیسماعیل بەگی وەكو ڕۆشنبیرێك ولێزانێك ڕاسپارد بۆدەست نیشان كردنی وەزیریداد ئەویش هەڵسابەدەست نیشان كردنی معروف جیاووكوبەشیاوترین ئەندامی كوردی پەڕلەمانی عێراق وكابینەی سیٚ یەم سەعدونی زانی ومعروف جیاووك زۆر بەرێزەوە سوپاسی دەستنشیان كردنەكە دەكات لەئیسماعیل بەگەوە.[34]**

## ***ئیسماعیل بەگ و بەژداری لە كۆمەڵە و ڕێكخراوەكاندا***

**پەروەرانی نەتەوەخوازی كورد هەوڵێكی زۆردەدرێت بۆپێكهێنانی كۆمەڵەی سیاسی، تاكو تێبكۆشیٚ لە پێناو قەوارەیەكی سەربەخۆ.لەبەلگەنامەیەكی پێشنیازكراو بۆكۆمەڵەكوردیەكان یەكێك لەوانە كۆمەڵەی هاوكاری و كۆمەلایەتی، لەو بەلگەنامەیەدا مۆڵەتی كردنەوەی كۆمەڵەكە دەدرێت بەكورد ئیسماعیل بەگیش یەكێكە لەو ئەندامانە چونكە لەهاوینی ١٩٢٨بەهاوكاری چەند ڕۆشنبیرێكی تری ڕواندزكۆدەبنەوە.[35]**

**ئەوەبوو( كۆمەڵەی ئازادی كوردستان )دامەزرێنرا، ژمارەیەك لەكەسایەتی ناسراووخوێندەوارو هۆشمەندڕۆڵی سەرەكیان تیادابینی جائیسماعیل بەگ لەگەلٚ**

---

**[34]ئازاد عوبێد ساڵح، س.پ، ل٢٠٢.**

**[35]عوسمان عەلی، كورد لە بەلگەنامەكانی بەریتانیادا، و :كامەران جەمال بابانزادە، چا:موكریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٤٤-٢٤٥**

**هەولْ وكۆششەكانی بـۆ ئـارەزووی نیشـتیمان پـەروەرێتی هەڵسـابە بـەژداری كـردن لەدامەزراندنی ئەم كۆمەڵەیەدا[٣٦]**

**هەروەها یەكێكیش بووە لە ئەندامانی كۆمەڵەی خۆیبون(*) كەلە ئە نجامی سیاسەتە خرا پەكان و چەوسێنەرەكانی توركیا بەرامبەر بەشۆڕش گێرانی باكوری كوردستـان پێك هات، لەچەندەها دۆكیۆمێنتی جیاجیادا ئامـاژەی پێكـراوە بەئەندامیـەتی و بەشـدار بـوونی ئیسـماعیل بـەگ و ڕۆڵـی لـەخۆیبون دابەوپێیـەی كەوابنكەیـەكی لەڕوانـدز داهەبووەوچەندكەسایەتیەكی تریش لەڕواندزبەشداربوونەوسـەرۆكی لقەكـەش نـاوی ( شێخی بارزان )بووە، پێدەچی قائیم قام سەیدتەها زۆرلەهەولی كردنەوەی ئەم لقـەی خۆیبون بوبێ لەڕواندز[٣٧]**

**هەروەها دیڤدمكداول دەڵێت:(( نموونە وبەلگەی ئەوەی جۆن هەسـتی نەتەوایـەتی كوردی دەستی كردبەبلاْوكردنەوەی (( زانستی كوردان ))یان ئە نجومەنی ئەدەبی سلێمانی**

**[٣٦]فاتح رەسولْ، فاتح ڕەسولْ، مێژووی سەرهەڵدانی بیرۆكەی چەپ لەكوردسنات دا، چا پخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٥ ،ل٢٧٨. [،]ئەحمەد حەمەدەمین، ڕواندز لێكۆڵینەوەیەكی مێژووی سیاسی ،س.پ، ل١٤٣**

**( * )خۆیبون/لە١٢ی ئابی١٩٢٧ لە بیحەمدون لە ولاْتی لوبنان دامەزرا، لە ژێر ناوی ( سەربەخۆیی ) و بارەگاكەی لەحەلەب بوو سەرۆكی كۆمەڵەكە جەلادەتبەدرخان و قەدری جەمیل و ئیحسان نوری پاشاوحەسەن ئاغاحاجۆ بوون. كریس كۆ چێرا، س.پ، ل١١١ ،نادر فە تحی بۆكانی كرنۆلۆژی كوردستان، ب، ش، چ، ٢٠٠٣ ل٤٩. [،] محمد صالح ئاكرەیی، كورد ودەوڵەتی سەربەخۆچا :خانی، دهۆك، ٢٠٠٧، ل٦٦**

**[٣٧]خويبون في الوثائق الفرنسية، ترجمة :بنافشمدين، مصدر هذة المعلومات كتاب رسمي ارسله أمركتيبةالأسناد لقامشلي الى ولايةحلب في ١٧أيلول١٩٣١وتحت الرقم ٧٧٧/س.ج.ك( انتر نيت ). بۆزانیاری زیاتر بڕوانە پاشكۆی ژ( ١٣ ).**

بووکەلەساڵی ١٩٢٦دامەزرازۆری نەخایاندئەوئە نجوومەنەبووە بزوتنەوەیەکی فـروان بۆکورد وەك( نـاوەندێك )سودی لێوەردەگیرا ،کاتێ ئیسـماعیل بـەگ وسـەیدتەها( قـائیم قـام )ویستیان مۆڵەتی دامەزراندنی یانەیەك وەرگرن، جگەلەمە بۆ پەرەپێدانی زمـانی کوردی و خزمەتکردن و بەرەو پێشەوە بردنــی لایــەنی ڕونــاکبیری و هونــەری لەســاڵی ١٩٢٦پێشنیارێك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق کراوەبۆکردنــەوەی یانەیــەکی ڕۆشنبیری هەروەکو ( غازی حەسەن ) لــەژمارە ( ١٧٤ )ی ڕۆژنـامــەی ( ڕێگــای ئــازادی ) دا بەناوونیشـــــانی ( کــــوردانی ڕوانــــدز داوای دامەزرانــــدنی یانەیــــەکی کــــوردی دەکەن )نووســیویەتی :"لـــە هـــاوینی ســـاڵی١٩٢٦ دا پێشــنیارێك بــۆ پێکهێنـــان و دامەزراندنی یانەیەکی کوردی ئامادەکرا لەماڵی ئیسماعیل بەگ لەگەڵ هەریەکە لــەو بەڕێزانە( سەید تەها شەمزینی، ئەمین ئەفەندی، محەمەد ئەفەندی، مســتەفائەفەندی بەڕێوەبەری ماڵی ئیسماعیل بەگ ) بەڵام داواکاریەکەیان لەلایەن وەزارەتی نــاوخۆ وە ڕەت کرایەوە کە بەم شێوەیە بوو

١-نـاوی نادیيەکە ( هۆشیاری )یە بەواتـای کۆمەڵایەتی بۆ چاك کردنی زمانی کـوردی و بڵاو کردنەوەی.

٢- بـارەگای لەهەرشــوێنێك دەکاتــەوە کــە زۆرتــرین ئەنــدامی لــێ هــەبێت، وێڕای ئەوتەئکیــدەی دەیــان کردلــەبارەی دەزگاکەکەوادەزگایــەکی سیاســی نــەبێت بــەڵام بەغدامۆڵەتی پێ نەدان.[38]

---

[38] لەسلێمانی زانستی کوردان بووە مەیدانێکی فراوان بۆ ڕکابەری سیاسی ناوخۆ کەتیایدا بەزۆری سود لە پێشینەی سیاسی وەردەگیرا ، دیڤدماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و :ئەبوبکرخۆشناو، چ٢، چا : وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٩٢ .".زرار محەمەد مستەفا، هونەر لە ڕواندزێ، چ ١، چا :هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢ل٢٩

جگەلەم کۆمەڵەویانانەئیسماعیل بـەگ لـەماوەی ژیـانی دالە پەڕلـەمانی عێـراق ئەندامی( پارتی پێشکەوتن )بووە،ئەم کۆمەڵەیەکوردی نەبووەبـەڵام ئیسـماعیل بـەگ تیایدا بەژداربووە،ئەم پارتەلەلایەن عبدولمحسین سەعدون دامەزراوە ، پارتێکی میری بووە یەکەم پارتی ئە نجومەنی نوێنـەران بووەلەعێراقـدا بەئاشـکراکاری دەکردولـەڕ ێکەوتی تشرینی یەکـەمی ١٩٢٥دامـەزراوە ئیسـماعیل بـەگیش وەکـو نوێنـەری کـورد لە پەڕلەمانی عێراق دابەژداری ئەم کۆمەڵەیەی کردووە.[٣٩]

لەوانەیەئیسماعیل بەگ هیوایەکی بەم پارتەهـەبووبێ، ئەگەردەسـەڵاتی فـراوان بووئەوەلــەڕێی ئــەم پارتــەوە،دۆزی کــورد دەگاتەڕێگەچــارەیەك چونکەئەوکەســە زۆربە پەرۆشەلەخەمی ئەوکێشەمێژووییە دابوو.

[٣٩]ئەحمەد حەمەدەمین، دۆزی کورد،س.پ،ل١١٢

## *بەشی دووەم*

## *ئیسماعیل بەگ وەك ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق*

- ***تەوەرەی یەکەم***:هەڵبژاردن و بەشداربوونی بەنوێنەری هەولێرلەیەکەمین ئەنجوومەنی دامەزرێنەری عێراقدالە ١٩٢٥
- ***تەوەرەی دووەم***:ئیسماعیل بەگ لەخولی دووەمی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٨
- ***تەوەرەی سێیەم***:کۆتایی ژیانی ئیسماعیل بەگ و دەنگدانەوەی کوشتنەکەی

## تەوەرەی یەکەم

## هەڵبژاردنی و بەژداربوونی لەیەکەمین ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق دا

ئیسماعیل بەگ وەکوباسمان کرد کەسایەتیی لێهاتوو و زیرەك و بژاردەی ناوچەکەی بوولەبنەماڵەیەکی ناودارو دەست ڕۆیشتوو فەرمانڕەوای ناوچەکەبوو، سەرەڕای پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەفسەر و پیاوانی ئینگلیز وەهەروەها هۆشیاری سیاسی وزمانزانی ...هتد ،ئەمانە هۆکاری بوون بۆ هەڵبژاردنی بەنوێنەری شاری هەولێر.

عێراق لە٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٢دا بڕیاری دا بە پێکهێنانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر یەکێك لەمەرجەکانی بریتی بوو لەدانانی یاسایەك بۆهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەوکات کوردستانی باشوریش سەربەحکومەتی عێراق بوو، ئینجانوێنەرانی کوردیش دەست نیشانکران بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەن لەلایەن بەریتانیا، چونکە نەك هەرئەوە بەلکو دەبوایە مەلیك فەیسەڵیش بەقسەی ئەوان کۆبوونەوەکان هەڵسورێنێ و لەبەرژەوەندی ئەوان کاربکات[٤]

یەکەم خولیئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە١٩٢٥/٧/١٦دەستی پێکرد، لێرەدا مەبەستمان هەڵبژاردنی ئیسماعیل بەگە لەلایەن

---

[٤]عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیة، ج١، مط:دارالشؤنالثقافیة العامة، بغداد، ١٩٨٨، ص٣٢٨. ' کەریم شارەزا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب١٠، چا:گرینگەلەری، بەیروت، ل٤٣٥٥. ،ئەحمەد حەمەدئەمین، ئەندامەکوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەڕۆژگاری پاشایەتیدا، چا: هاشم، هەولێر، ل٢٧-٢٨

بەریتانیەکانەوە،بنکەی دەنگدان لە عێراق دابەشی سەر سێ پارێزگای گەورە کرا،ئەوکات هەولێر سەربەلیوای کەرکوك بوو لەهەڵبژاردنەکەدا[41]

لەدوای بەڕێوەچوونی دەنگدانەکە ژمارەی دەنگەکان لەهەولێرو دەوروبەری گەیشتە ٧٧٣٢٧وئەندامانی هەولێر لەئە نجومەنی نوێنەران ژمارەیان گەیشتە ٧ئەندام،بەلاَم ئیسماعیل بەگ لەهەڵبژاردنی خولی یەکەم لەگەڵدانەبوو،دواتر کەهەڵبژاردن دە کرێتەوە لە ( ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٢٤ )(*)واتەلەکۆتایی ساڵی ١٩٢٤هەڵدەبژێردرێت.[42]

ئیسماعیل بەگ بۆجاری یەکەم هەڵدەبژێرێت لەگەڵ هەریەك لە( سەبیح نەشئەت بەگ،داودبەگ حەیدەری،یوسف ئیبراهیم ئەفەندی،عەبدولاَ موخلس بەگ )، وەیەکەم دانیشتنی ئە نجومەن لەخولی یەکەم دا لە١٦ی‌تەمووزی١٩٢٥ئە نجام دراوماوەی خولەکەش تاوەکو ساڵی ١٩٢٨بەردەوام بوو[43]

---

[41]مەهدی محەممەد قادر،هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠چا:ڕۆژهەلاَت،هەولێر،٢٠٠٨،ل١٣٤-١٣٦. ،ئازاد عوبێد ساڵح، ،س.پ ل١٩٧

( * )لەزۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەبۆساڵی ١٩٢٥کراوە ،ڕاستەبەلاَم خۆی هەڵبژاردن لە٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٤ئە نجام درا ،بەلاَم دوای دوو مانگ پەسند دەکرێت کەدەکاتەسەرەتای ساڵی ١٩٢٥ بۆیە سەرچاوەکان ئەوساڵەیان کردووە بەساڵی یەکەمی هەڵبژاردنی ئیسماعیل بەگ.

[42]مەهدی محەممەد قادر،س.پ،ل١٤٠. ،جمال بابان ،اعلام کرد العراق،مط :شفان،٢٠٠٦،ص ١١٦. ، محمد علي الصویرکي،معجم أعلام الکرد في التاریخ الاسلامی و العصر الحدیث في کردستان وخارجها،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،بنکەی ژین،سلێمانی،٢٠٠٦ل١٠٤

[43]ڕەفیق سالح، دیاری کوردستان،ژ:٧ چا:سەردەم،سلێمانی،٢٠٠١،ل٣. ،شۆڕش ئەحمەد گەرمیانی،س.پ،ل٢٤

نوێنەرانی هەولێر لەمەڕ مۆر کردنی بەیاننامەی ١٩٢٢هەڵوێستیان جیاوازبوو ئیسماعیل بەگ یەکێك بوو لەو کەسانەی کەوا مۆری لەسەر کردبوو، چونکە ئەونەی دەویست ولایەتی موسل بکەوێتە ژێر دەسەلاتی تورکیا[٤٤]

ئەوکارانەی کەوا ئیسماعیل بەگ کردی لەماوەی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی دا، ئەوەبوولە١٢ی‌نیسانی١٩٢٥دوای چەند مانگێك لەهەڵبژاردنی بۆئەندامیەتی هەولێردانیشتنێك دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستان و خەڵکی کورد بەڕێوەچوو.

کۆمیسیاری بالاّ بەڕاشکاوانە درك بەوەدەکات کەسیاسەت وانانی عەرەب سەرەڕای سوور بونیان لەسەر ڕەگەزپەرستی وهەستی نەتەوەیی خۆیان لەهەندێ کات حساب بۆهەمان نەتەوەی هاوسێ وهاونیشتمان ناکەن و حکومەتی بەریتانی بە پەرۆشەبۆ ئەوەی بەرژەوەندی کورد و عەرەب پێکەوە ببەستێتەوە ئەمە دڵنیا کردنەوەی کۆمسیاربوو بۆعەرەبەکان کەوازوو پەل بهاوێژن وڕووبەڕووی بزاڤی کورد ببنەوە ،ئەم قسانەی کۆمسیاری بالاّ وروژاندنی هەستی ئەندامانی کوردە چونکە ئیسماعیل بەگ هەمیشە بڕوای وابوو کەوا متمانەبەعەرەب کردن بۆکورد هەڵەیەکی گەورەیە ئەوەتا لەگفتووگۆکانی دا لەگەڵ هاملتۆن بەدەردەکەوێت[٤٥]

وەلەساڵی١٩٢٦دا واتەساڵی دوای هەڵبژاردنی یاداشتێکی بەرز کردەوە بۆحکومەتی عێراق لەگەڵ ئەندامانی تری کورد و ئیسماعیل بەگ خۆی ئەم داواکاریانەی هەبوو( مافی کورد لەبەرچاو بگیرێت و لەبارەی دانانی دامەزراوەیەکی تایبەتی بۆ

---

[٤٤] مەهدی محەممەد قادر، س.پ،ل١٤٠-١٤١. ،ئازاد عوبێد ساڵح، س.پ،ل١٩٨

[٤٥] هاملتۆن، س.پ،ل .٢٨٤. ،کامەرانئەحمەدحەمەدئەمین، س.پ،ل٢٢٦-٢٢٧

بەڕێوە بردنی کوردستان بارەگاکەی هەولێر بێت یان کـەرکوك ،شـارەکانی کوردسـتان پەیوەندیان لەگەڵ بەغداد لەڕێگەی مەندوبی سامی بێت[46]

ئیسماعیل بەگ لە١٣ی شوباتی ١٩٢٦داکۆبونەوەیەکی لەگەڵ ئەنـدامانی هاوشـانی خـۆی لەئە نجومەنداڵـەماڵی عەبـدوڵڵاموخلس بـەگ گـریٚ دا، لـەو کۆبونەوەیـە دائەندامەکان لەبەرزۆری داوکانیان وگـویٚ پـیٚ نـەدان لەلایـەن حکومەت، یـەکجاربیٚ ئومێـدبوون بەتاییـەت عەبـدوڵڵا مـوخلیس ،لـەو کۆبونەوەیـەدا ئەندامـەکان بـیٚ ئومێددەکات بەلاَم ئیسماعیل بەگ پێی وابوو((کێشەی کوردبریتی یەلەیـەك نـەگرتن ونایەك دەنگی ودووبەرەکی نێوخۆیی جا چۆن بەم جـۆرە ئـەو گەوهـەرە گرانبەهایـە بەدەست دێت.))[47]

ئیسماعیل بەگ پێی وابوو چارەسەری کێشەکا نمان نادۆزینـەوە ئەگـەر یـەکگرتوو نەبین، لەگەڵ ئەندامەکانی تر چەندین جارکۆدەبێتەوە، تاوەکو ڕۆڵـی گـرنگ بۆکـورد دەسـتەبەر بکرێـت لە پەرلـەمان درك بـەنهێنی دڵـی خـەڵکی کوردسـتان بکـەن ومافەڕواکەیان کەزەوت کرابووبەدەستی بێننەوە، ئەوەش بەڕای ئەندامـەکان لەلایـەن ئینگلیزەکانەوە بەدەسـت دێت، نـەك عەرەبەڕەگـەز پەرسـتەکان کـەوائینگلیزەکانیش لەوکاتـــەدائاگاداربوون لەهەڵوێســـتی خرا پـــی عـــەرەب بەرامبەربـــەکورد چونکەلەوکاتەداشـێخ مەحموودلەهـەوڵی پێـك هێنـانی کابینەیـەکی تـر بـوو لەسلێمانی.[48]

---

[46] ئەحمەد حەمەد ئەمین، دۆزی کورد، س.پ، ل١٠٨

[47] محەممەد ڕەسول هاوار، شێخمەحمودی قارەمان ودەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، چا:بلادرۆز، لەندەن، ١٩٩١، ل٦١٠

[48] کامران ئەحمەد، س.پ، ل٢٢٦-٢٢٧

لەدوای تەواو بوونی کێشەی موسڵ بەمەبەستی بەدوادا چوون،ئیسماعیل بەگ لەگەڵ شاندێك دەستنیشان دەکرێت بۆ کۆمەڵەی گەلان بچێت،بەلام کۆمسیاری بالای بەریتانی ڕازی نەبوو وەئە نجومەنی نوێنەرانیش بەو بڕیارەی حکومەت ڕازی نەبوون،لەکۆبوونەوی کۆمەڵەی گەلان ئیسماعیل بەگ ئامادەنەبوو دانیشتنەکە ڕەت کرایەوە و حکومەت و کۆمەڵەی گەلان نەیان پرسی بۆچی ناوی ئیسماغیل بەگ لەلیستەکەدا هاتووەو خۆیشی ئامادەنیە، ئاگاداری ئەوەش نەبوون کەکۆمیسیاری بالادەستی لەو کارە هەیەو لەگەڵ مەلیك فەیسەڵ ڕێك کەوتوون لەسەر ئەم مەسەلەیە و ڕازی نەبوون کەبەم تەمەنە بچووکە بچێتە کۆمەڵەی گەلان،بەلام کۆمیسیار مەرامێکی تری هەبوو چونکە ئەوان لەقسەو داوا ڕەواکانی ئیسماعیل بەگ دەترسان نەوەك لەکۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گەلان ئاماژە بەمافەکانی کورد بکات وباسی داگیرکردنی خاکەکەی ونەتەوەکەی بکات.[49]

هەروەها ئینگلیزەکان ئەوچاکانەی کەوائیسماعیل بەگ کردبووی لەگەڵ ئەوان هیچیان لەبیر نەبوو وە نەیان هێشت بەژدار بێت وزۆر جاریش مێوانداری نەقیبەکان و دانی زەویەکانی پێیان وچەندجارێکیش کێشەی بۆدروست بووە لەسەر ئەوان و بە پیاوی ئەوان ناوی دەرکردبوو لەلایەن خەڵکی ناوچەکەی،بەلام دیارەهەڵوێستی ئینگلیز بەرامبەر بەدۆزی کورد تاکتیك بووە نەك ڕاستەقینە و دوور مەودا.

ئیسماعیل بەگ لەبارەی بەدی هێنانی مافی ئۆتۆنۆمیبۆکورد کارێکی زۆر ڕەوای بۆکورد کردووە کەمافی خۆیەتی ونابێ پێشێل بکرێ لەگەڵ ئەوە دابوو کەنامە بۆ

[49] عبدالرزاق الحسني،تأريخ الوزارات العراقية،ج٢،مط:دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨،ص٧٩

سەرۆك عەشیرەت و هۆزەکوردەکان بنێردرێت بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموولایەکی کوردستان بەلگەمان بوونی پەیوەندی نێوان سەید تەهاو ئیسماعیل بەگە.[50]

لەبارەی بایەخدان بەخوێندن ئیسماعیل بەگ زۆرترین کارلەکارەکانی کردبێتی بۆ پرۆسەی خوێندن بووە لەگۆڤاری زاری کرما نجی دائاماژەبەدانیشتنی ئە نجومەن کراوە لەبەرواری ١٩٢٥/٩/٣دا سەرانی ئینگلیز وتارێك دەخوێننەوە کەباس لە بیرکردنەوە لەمەسەلەی کورد بەتایبەتی لایەنی پەروەردەو فێرکردن و زمان و مامۆستای فێرگەکان دەکات وە دەبێ خوێندن بەزمانی کوردی بێت ئەم داوایەلە لایەن ئیسماعیل بەگەوە بڵاو کراوەتەوە.[51]

جگەلەم کارانەی کەوالەئیسماعیل بەگبینیمان هەر لەخولی یەکەمی یەکەمی نوێنەرایەتی هەولێر دا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کورد دا لە پەرلەمان هەوڵیان داوە خوێندن بەرەو پێش ببەن و کێشەو گرفتەکانی سەر رێگای خوێندن لابدەن چونکە ئیسماعیل بەگ پێی وابوو خوێندن لەکوردستان زۆر دواکەوتووە لەساڵی ١٩٢٦دا ئیسماعیل بەگ داوا لەئە نجومەنی نوێنەران دەکات کەواجیاوازی نەهێڵن لەنێوان لیواکانی عێراق ولیواکانی کوردستان ،هەروەها قوتا بخانە یەکی ناوەندی لەهەولێربکریتەوە ،بۆ ئەوەی ئەو قوتابییانەی کەخوێندنی سەرەتایی تەواو دەکەن پەنابۆ شوێنە دوورەکان نەبەن،شایانی باسە ناو و ژمارەی دەرچووانی قۆناغی سەرەتایی خستەڕوو وەئاماژەی بەوەش کرد کە زۆربەی خەڵك لەبەر کەم دەرامەتی واز لەخوێندن دێنن و ناتوانن بچنە شوێنەدوورەکان بۆ خوێندنی ئاستەکانی داهاتوو،بۆیە

[50] محەممەد ڕەسول هاوار، ب٢،س.پ،ل٦١١

[51] عبدالرزاقالحسنی،ج١،م،س،ص٥٠.،ڕزگاری لەنەزانین، ((زاری کرما نجی ))(گ)،ژ(١٠)،ل٢٠.،سروة أسعد صابر،كوردستان الجنوبية،مط:كوردستان، سليمانى ٢٠٠٦،ص٣٩

جەعفەر عەسکەری بڕیاری دا بەدروست کردنی قوتابخانە لەهەولێر و لەشاری ڕواندزیش چونکە ئیسماعیل بەگ داواکەی تەنیاشاری هەولێری نەگرتەوە بەڵکو ناوی ڕواندزیشی هێنا، بەلاّم بەڕێوە بەری گشتی( معارف العسكري ) ڕەخنەی گرت دیسان بەهۆی ناونانی سیاسەتی بەرەو باکور و ئیسماعیل بەگ دەم کوت دەکرێتەوە ولەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەی باکور.[52]

چونکە ئەوان نەیان دەویست ئیدارەیەکی تری سەربەخۆو وجیا هەبێت لەباکور ،دواتر بەهەر شێوەیەك بێت بەڕێوەبەری گشتی بەڵێنی ئەوەی داکەوا بودجەیەکی باش تەرخان بکات بۆکردنەوەی قوتابخانەلەشاری ڕواندز[53]

ئیسماعیل بەگ لەسەردەمی وەزارەتی دووەمی جەعفەر عەسکەری داکەلەیەکەم ڕۆژی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ پێك هات، بریارێك دەرچوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کەوا سەربازگرتنی بەزۆر پیادەبکات بەرامبەربە کوردو عەرەب وگشت پێکهاتەکانی تری نێوگەلی عێراق، بۆئەم مەبەستە بڕیارەکەی لەئەنجومەنی نوێنەران درکاند بۆئەوەی بڕیاری لەسەربدرێت، بەلاّم ئیسماعیل بەگ زۆر ماقولانە هەڵسابەڕەت کردنەوەو بەشێوازێکی جوان وەلاّمەکەی ئەوبۆئەم بڕیارە ئەوکات کەڕۆژنامەی( ( الآوقات البغدادية ) )دەردەچووبەئینگلیزی لەوێ دابلاّوکرایەوەکەبەم جۆرە دواوە.[54]

تکایەئەم وشەی داهاتوو کەلەبەرژەوەندی ڕاستی دایەبلاّوی بکەنەوە.....

---

[52]أحمدحمد أمين قادر، موقف المجلس النواب العراقي من القضيةالكردية في العراق، ١٩٢١-١٩٤٥مط :مؤسسة سردم، سليماني، ٢٠٠٧، ص٧٤-٧٦

[53]أحمدحمدأمينقادر، م.ن، ص٧٦

[54]عبدالرزاقالحسني، ج٢، م.س، ص٨٥-١٠٠. ، شۆڕشئەحمەدگەرمیانی، س.پ ،ل٢٤

*(( دەربارەی کوردو سەربازگرتنی بەزۆری کەهەندێك پێیان وایە تەنها برایانی شیعە دژیەتی ،بەداخەوە بۆکەسانێك کەخۆیان غافڵ کردووە لەم ڕاستیەی ئێستا کەتا ئێستا هەستیان پێ نەکردووە کەکورد دژی سەربازگرتنی بەزۆریە ،ئێمەی کورد پێمان وایە کەیاسای سەربازی بە زۆری سود بەخش نی یە وزەرەرو زیانی زۆری هەیە وەك بۆمبێکی گەورەیەبۆولاتەخۆشەویستەکەمان، هەربۆیە داواکارین لەحکومەت کەچاو پۆشی لەم بیرۆکەیە بکات. ))*[55] ئیسماعیل بەگ لە پەڕلەمانی عێراق ڕۆلێکی گرنگی گێڕاوە ، هەمیشەبەدەم درکاندنی پێشکەوتن وسەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیەوەبووە، چەندەها جاربەهۆی داواکاریە ڕەواکانی لەسەر نیشتیمانەکەی وەدەردەنرێ لەکاتی دانیشتنەکان دابەتایبەت لەخولی دووەم لە پەڕلەمانی عێراق،ئیسماعیل بەگ بەنوێنەری شاری هەولێر دانراوەلەماوەی ئەندامیەتی خۆی دادرێغی نەکردووە لەداکۆکی کردن لەلایەنەکانی بەکوردی کردنی پەروەردە وخوێندن وزانست وبەرگری کردن لەئازادی ومافەکانی گەلەکەی.[56]

[55]مهدی محەممەدقادر، س.پ، ل١٤١

[56]ئەحمەدحەمە دئەمین، ئەندامەکوردەکان...، س.پ، ل٢٧. ،کەریم شارەزا، س.پ، ل٤٣٥٥

## تەوەرەی دووەم

## ئیسماعیل بەگ لەخولی دووەمی هەڵبژاردن ساڵی١٩٢٨

ئیسماعیل بەگ لەماوەی خولی دووەمی هەڵبژاردن کە لەبەرواری ١٩ی‌ئایاری ١٩٢٨ئە نجام درا دووبارە دەردەچێت و خەڵك دەنگی پێدەدەن.[٥٧]

ئەوەی لەخولی دووەم بەرچاوبێت لەکارەکانی ئیسماعیل بەگ دیسانەوە مەسەلەی خوێندنە، ئەوەبوو بەر لەتێپەڕبوونی مانگێك بەسەر وادەی دەرچوونەکەی لەبەرواری ١ی‌حوزەیرانی ١٩٢٨ یاداشتێك بەرزدەکاتەوە بۆ وەزارتی مەعاریف کەچاوێك بە پرۆسەی خوێندن دا بخشێننەوە ئەمەش دەقی داخوازیەکانی بوو( بۆ وەزارەتی مەعاریف جەلیل:لەگەورەییتان ناشاردرێتەوە کە گەورەترین چینێکی بەئەهمییەت لەکوردستان بلاّو کردنەوەی عیلم وزانستەو پێویستەهەموو کۆسپێك لابرێت لەرێگەی لابردنی جەهالەت وگەورەترین هۆ،کەلەم ناوچەیە عیلم و مەعریفەت وەپاش بخات ئەمانەن کەدەقی قسەکانی ئەون لەگەلْ ئەندامەکانی ترکە ئەمانەن( معروف چیاووك و محمد سالح و محمد جاف و صبری و عبدالله موفتی و جمال بابان و سیف و الله و محمد سعید )

یەکەم /نەبوونی کتێبی وەرگێردراو بۆسەر زمانی کوردی لەقوتابخانەکاندا لەو ناوچەیەدا کەلیوای کەرکوك و سلێمانی وهەولێرو قەزای گرنگی وەك زاخۆ هەتا دەگاتە خانەقین و مەندەلی و بەدرە بە پانی و درێژیەوە.

---

[٥٧] کەمال مەزهەر،کوردو کوردستان لەبەلگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیا،س.پ`ل ١٥٣.،میر بەسری ناودارانی کورد،و:عەبدولخالق عەلادین،چا: منارە،هەولێر،٢٠٠٩ ،ل٢٠٢

دووەم /کـــەمی ژمـــارەی مامۆســـتـایـان ونـــەبوونی قـوتـا بخـانـــەی ( دار المعلمـــین ) بـــۆ پێگەیاندنی مامۆستایان تاکو چیتر مامۆستای عەرەب دەرس نەڵێتەوەو مامۆستای کورد پێبگەیەنێت.

سێیەم /نەبوونی بەڕێوەبەرایەتییەکی تاییەت بەناوچەکوردیەکان.

چوارەم /نەبوونی قوتا بخانەی ناوەندی و دواناوەندی لەناوچەکوردیەکان بۆ تەواو کردنی خوێندن.

پێنجەم /کردنەوەی قوتا بخانە بۆ ڕەگەزی مێ.[58]

ئیدی هیـوادارین وەزارەتـی مـەعاریف هیمـەتێکی تـەواو بکـات بـۆ داواکا نمـان ئیسماعیل بەگ و ئەو کەسایەتیانە سەبارەت بە هەڵوێســتەکەیان هـەموو دڵسـۆزانی میللەتی کورد خۆشیان دەویستن و شاعیران بە شیعر ستایشی دەکـردن بـەم جـۆرە نـاو بانگی ئیسماعیل بەگ بڵاو بووەوە لەکوردستان ولەکاتی مردنیشی دیارە کە چ کـەش و هەوایەك دروست دەبێت ،یەکێك لەو شاعیرانە (( ئەسیری ))بوو کەدەڵێت:

سوپاسنامە

شەش مەردی نیشتمان لەشەش گۆشەی وەتەن
ئێشك گرن بە گیان و بەدڵ هەوڵ و ڕەنج ئەدەن
بۆسەر فرازی و دوارۆژی ڕوونی گەل
کۆشش ئەکەن بە پەلە و نوسین و چۆن و چەن
سەردەستەیان سمایلی سۆرانەجەمالی بابان

---

[58] کەریم شارەزا،س.پ،٤٣-٥٦ . 'دوو هەڵوێستی گرنگ لەبواری تێکۆشانی ناو ئە نجومەنی نوێنەراندا،گ:کاروان،ئایاری ١٩٨٣،ژ:٨،ل٥٢،

نەوزادی پشدەر سالْح بەگی نەوجەوان.....[59]

ئیسـماعیل بـەگ نوێنـەری هـەولێر لـەکانوونی دووەمـی ١٩٢٨ ووتەیـەکی پێشکەش بە ئە نجوومەن کرد کەتیایدا باسی ئیدارەو کارگێڕیولایەتە کوردیەکان کرد بە گوێرەی یاسای سەرەکی عێراق کەلەنێو ئەم یاسایەدا کەم و کـوڕی زۆر هەیـە ئـەو بە پێویستی زانی چاوێك بەیاساکان بخشێنرێتەوە بەهۆی جۆراو جۆری توخمەکانی نێو گەلی عێراق، چونکە ئەو ئەوەشی ڕوون کردبۆ وە کە توخمی جیا جیا گەلی عێراق پێـك دەهێنن و پێویستیان بەمافی خۆیان هەیە وتـی مـن دەمـەوێت کەحکومـەت یاسـایەك پێشکەش بە ئە نجوومەنی بالا بکات کەبە ڕوونی دەقەکانی یاسا دیاری بکات وە داوای کردلە نوێنەران کە پشگیری ئەم پێشنیارەی بکەن ووتی داوام وایە لەنوێنەرانی بـەڕێز ئەوانەی نوێنەرایەتی کەمینـەکان دەکـەن دەنگـی خۆیـان بخەنـە پـالْ دەنگـی مـن چونکەداواکەی من ڕەوایەو یاساییە و ڕوونی کردەوە کەئەگـەر نوێنـەران بـیٚ دەنگیـان تێدایەبەرپرسـیار ێتیـان دەکەوێتـە ئەستۆ، ترسـالە وەی کەئـەو کـار یگەریـەی دەیا نخاتەسەر نوێنەرەکان لەبێدەنگی ئەوان ئەومافە یان بەهەدەر بچیٚ کەدانیپێدانرا وە دیارە ئەم داوا کاریە ش کە پێشکەشکرا لەبارەی یاسای بەڕ ێـوەبردنی لیوایـەکانی ئاما نجی سەرەکی بەڕێوەبردنی ناوچە کوردیەکان بوو ئەگەرچی ئەم نوێنەرە (( ئیسما عیل بەگ ))بەراستەوخۆ باسی نەکرد[60]

لەسـالْی ١٩٢٩ دا لـەدوای خۆکوشـتنی (( عەبـدول محسـین سـە عـدون ))ولە١٣\١١\١٩٢٩ ،ئیسماعیل بەگ وەکـو نوێنـەرێکی خـە مخۆری کوردلـە پەرلـەمان

---

[59]مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، ئا :ئازاد هیدایەت دەلۆ، چا :ئەرا بخا، کەرکوك٢٠٠٦ ،ل٣٣، کەریم شارەزا، س. پ، ل٤٣٥٦

[60]أحمد حمد أمين قادر، م. س، ص٩٨

هەرلەهەولّی جێبەجێبەجیّ کردنی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دابوو کەبۆباشوری کوردستان دەریان کردبوو بەلاّم حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیّراق هیچ گوێیان پێنەدا[61]

لەشوباتی ١٩٣٠ دائیسماعیل بەگ لەگەلّ نوێنەرانی کورد دا داوایەکی تریان بەرز کردەوە بۆ مەندوبی سامی بەریتانی بەلاّم هەر زوو رەت کرایەوە ،وەلەئازاری ١٩٣٠ ،واتە پێش واژوو لەسەرکردنی پەیمانی عیّراقی-بەریتانی سالّی ١٩٣٠،دووبارە ئیسماعیل بەگ و نوێنەرانی کورد داوایەکیان نارد بۆسەرۆك وەزیرانی عیّراق کەداوای جیّ بەجیّ کردنی ماف و ئیمتیازی نەتەوەی کوردیان دەکرد کەدانی پیادانرابوو یەکەم شتی گرنگ لەحکومەتی نوری سەعید کەلەئازاری ١٩٣٠ پێکی هێنابوو بگات بەبەستنی بەیاننامەیەك لەگەلّ بەریتانیا کەتیایدا عیّراق سەربەخۆیی وەربگرێت ،لەگەلّ ئەوەی مافەکانی کورد پشت گویّ خران و هەولّەکانی ئیسماعیل بەگ و هاوکارانی پشت گویّ خران لە بەلّێننامەی نوێدا،وە هەر لەسالّی ١٩٣٠ دا لەو یاداشتەی کەوا بەرزیان کردەوە بۆ حکومەتی عیّراق ،ئیسماعیل بەگ لەلا پەرەی کۆتایی یاداشتەکە نامەیەکی نووسی بو قسەکانی بەم شێوەیە بوو(( *ئەی جەنابی بەرێز :گەلی کورد کەنیازی پاکەو لەگەلّ حکومەت هیچ رێگریەك نابینین لە پێشکەش کردنی ئەمانە بەهەموو رێزێکەوە بەو سیفەتەی کەوائێوە سەرۆکی حکومەتن بەهیوای جیّ بەجیّ کردنی ئارەزووەکا نمان بۆئەوەی بتوانین بارودۆخێك دروست بکەین کە ناوچەکە ببوژێنێتەوە وەزەوی و زارو کشت و کالّ گەیاندن و هەروەها باشتربوون و فراوان بوونی فەرمانگەکان*[62]

[61]عبدالفتاح علي يحيى البوتاني،وثائق عن الحركة القومية الكردية التحريرية، مط:وزارة التربية، أربيل،٢٠٠١،صص٥٥

[62]م.ن،ص ٦١-٥٦

**ئیسماعییل بەگ  هەر لەم ساڵەدایەكێك بووە لـەو كەسـانەی كـەوائیمزای لەسـەر داواكاریەكانی تۆفیق وەهبی كردووە لە١٩٣٠/٣/١٤[٦٣]**

**حكومەتی عێراق ئەو پێشنیارانەی خستەبەر چاو و ئـەوەی لەسـەری ڕێـك كـەوتن بڕیاری لەسەردرا  بەلاَم بەرامبەر بەئیسماعیل بـەگ حـازم شـەمزینی هـەتا مـەلیك فەیسەڵ لەژیان دا مابوو نەی هێشت ببن بە نوێنەری كورد لەئە نجوومەنی  پەرلـەمانی عێراق[٦٤]**

**هەروەها لەساڵی ١٩٣٠لـەمانگی تـەمووزدا جەعفـەر پاشـا وشـاندەكەی سـەردانی هەولێر دەكەن بۆمەبەستیزانینی هەڵوێست و ڕای خەڵكەكـە بەرامبـەر بـە  پـە یمانی ساڵی١٩٣٠عێراقی- بەریتانی ئینجـا جەعفـەر پاشـا قسـە بـۆ خەڵكەكـە دەكـات و پرسیاریان لێدەكات بۆ نموونە  پرسیار لە خدر ئە حمەد  پاشا ی دزەیی  دەكـات كـەوا داواكاری خەڵكەكە چییە؟ئیسماعیل بەگ بێ ئەوەی  پرسیاری لێ بكرێت هەڵدەستێت و دەڵێت(( سەربەخۆیی كوردستا نمان دەوێـت )) جەعفـەر پاشـا بەتووڕەبوونـەوە هـاوار دەكات و دەڵێت(( دانیشە كەس  پرسیاری لەتۆی منالَ نەكردووە ))،ئیسماعیل بەگ بـەم جۆرە وەلاَمی دەدرێتەوەو جارێكی تریش دەمكوت دەكرێتەوە ئەمەجاری یەكەم و دووەمی نەبوو كـەوا بیشـكێننەوە بـەڵكو بەدرێـژایی  ژیـانی پەرلـەمانتارێتی لەسـەر داوا و ویستەكانی كورد كاردانەوەی وا بـەدوای  قسـەكانی ئـەو دادێـت، بـەلاَم لەبـەر ئـەو**

---

**[٦٣] سەلمان عەلی،كوردستانی عێراق لەبەڵگەنامەكانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا،بنكەی ژین،سلێمانی،٢٠٠٥،ل٦٥ . ،كەمال مەزهەر, كوردو كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەكانی حكومەتی بەریتانیا،س.پ،ل١٥٣**

**[٦٤] محەممەد ڕەسول هاوار، ب٢،س.پ،ل٦١٧**

هەڵوێستەی ئیسماعیل بەگ بۆ پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ کەهیچ مافێکی کوردی تێدانەبوو خراپترین وەلاّم و هەڕەشەو بێدەنگ کردنی درایەوە.[٦٥]

بەلاّم ئیسماعیل بەگ لەگەڵ ئەو هەڵوێستە توندەی کەوا سەرانی عێراق نواند بیان لەو کۆبوونەوەیەدا، بە جەعفەر پاشا دەڵێت(( ئێمەچیتر بەقسە پروپووچەکانتان فریو ناخۆین،و دەمانەوێ بەزووترین کات لیوای دهۆك تەشکیل بکرێت و سەربەخۆییمان پێ بدەن ئێوە باسی موستەقبەل دەکەن موستەقبەل لەدوای دەساڵی دیش هەر بەم جۆرەیە ئێمە حالەن تەتبیقی ( عوصبەتول ئومەم )مان دەوێ ))[٦٦]

---

[٦٥] چالاك میرانی، پارچە هەورێکی زیندووی سەر ئاسمانی شارەکەم، چا:منارە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٥٨. ،دیدارلەگەڵ زرارسلێمان بەگ دەرگەڵەیی، قەزای سۆران، بەرواری٢٠١٤/٢/١٦

[٦٦] ئەحمەد خواجە، چیم دی، چا:ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٦٦

## تـــــەوەرەی ســــێ یەم

## کۆتـــایی ژیـــانی ئیســـماعیل بـــەگ ودەنگدانـــەوەی کارەســـاتی کوشتنەکەی

سەعیدبەگی باوکی ئیسماعیل بەگ پیاوێکی کاربەدەست ودەوڵەمەنـدی ناوچـەکە بووە، بنەماڵەی باویل ئاغاش بێ گومان لەڕواندزناسراودەسترۆیشتوبوون، سـەعیدبەگ کەگەورەی شارۆچکەکەبوو، ماڵی باویـل ئاغـاهیچ کـات سـەریان بـۆ هـەمووداواکانی ئەوشۆڕنەدەکرد، لەبەرئەوە ناکۆکی ودووبـەرەکی دەکەوێتـەنێوان ئـەم دووبنەماڵەیـە کـەخزمیش بوونە، لـە ئـە نجام داســـــەعیدبەگ لـەباتاس لـە١٩١٨/١٢دەکوژرێـت وکوشتنەکەی دەخرێتەئەستۆی ماڵی باویل ئاغا[٦٧]

لەدوای ئەوەی کەئینگلیزەکان لەکۆتایی کانونی ساڵی ١٩١٨گەیشـتنە ڕوانـدز لەساڵی١٩١٩ ئیسماعیل بەگ دەکەنەجێگری حاکمی سیاسی خۆیـان وئیسـماعیل بـەگ هەمیشە ئەوڕ قەی لەنێودڵ دا پەرەی دەسەند کەباوکی کوژراوە.[٦٨]

لەماڵەوەش دالەعلی خان دایکی هەمیشە گەورەیی ئەو دوژمنایەتیەی جـۆش پێ دەدا، (( هەرچەندە لەعلی خان لەبنەماڵەی خێزانی باویل ئاغابوو. ))

کاتێك کەنووری ئاغا دەستگیر دەکرێت بەهۆی چەند کارێکی کەدەبێتەجێگەی قەبووڵ نەکردنی حاکمە ئینگلیزەکان لەوانە :دەرچوونی لەقسەی نەقیب های وە دەست

---

[٦٧] دبلیو.ئار.های، دووساڵ لەکوردستاندا، و:لوقمانبا پیر، چا: ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١٠،ل١٨٩. 'چالأك میران، س.پ،ل٦٢

[٦٨] وشیارمحەممەد حەمەد ئەمین کۆیی، س.پ،ل٢٠١

تێکەڵ کردنی لەگەڵ شۆڕش گێڕو بزاڤ خوازانی ئەو کاتی دژ بەئینگلیز و پەنابردنی بۆچیاکان و گوندەکانی دەوروبەر و کوشتنی ئەفسەرێکی پۆلیسی هەولێر[٦٩]

جگەلەمانە لەشەوێکدا پەلاماری دەزگایەکی بەریتانی دەدات، بەم هۆیانەوە دەستگیر دەکرێت و دادگای شاری هەولێر تۆمەتباری دەکات پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا دەسە پێت و دەنێررێت بۆ کەرکوك بەلاّم بەهەرجۆرێك بێت خۆی رزگار دەکات و دەبێتەهۆی تووڕەبوونی حاکمی سیاسی هەولێر[٧٠]

ئینجا حاکمی سیاسی هەولێر فرمان بەحاکمی سیاسی ڕواندز دەکات کەئیسماعیل بەگە فرمانی پێدەکات کە نووری دەستگیر بکات،دەبوایە ئیسماعیل بەگیش فرمانەکە جێ بە جێ بکات لەبەرواری ١٩٢٠/٧/٩ئیسماعیل بەگ ٧لە پیاوەکانی خۆی دەنێرێت بەلاّم بەمەبەستی کوشتن و شەڕنا بەڵکو بۆ جێبەجێ کردنی فرمانەکە،بەلاّم خەڵکی ڕواندز واتێگەیشتن کەوا بۆ تۆڵەی باوکی ئەم کارە دەکات،بەلاّم کوڕەکانی باویل ئاغا قەبوولی ئەوە ناکەن و کەس ناتوانێ هەڵکوتێتە سەر ماڵیان،بۆیە بەرگری لەخۆیان دەکەن و دەبێتەدەمەقاڵێیان و شەڕی بەدوادادێت هەردوو کوڕەکانی باویل ئاغا( مستەفا باویل ئاغاو کەریم باویل ئاغا )دەکوژرێن و کوڕێکی شیرەخۆری نووریش بەهۆی تاوە لەم ڕۆژەدا دەمرێت.[٧١]

خەڵکی شارەکە بەم ڕووداوە زۆرنیگەران بوون شارەکە دەنگی نارەزایی دژ بە بنەماڵەی ئیسماعیل بەگی لێ کەوتەوەو ئینگلیزلەگەورەکردنی کێشەکە بەردەوام

---

[٦٩] دۆزینەوەی نامەیەکی شێخ عوبێدوڵلای سورچی لەماڵی نووری بەڵگەی بەهێز بوو بۆ ئینگلیزەکان تاوەکو دەسگیری بکەن :چالاك میرانی،س.پ،٦٣.

[٧٠] چالاك میرانی،س.پ،ل٣٢،مستەفا جوندیانی، س,پ،ل٣٦

[٧١] مستەفا جوندیانی،س.پ،ل٤٢. 'هاملتۆن،س.پ،ل٢٦١

بوو، کاتێکیش کەباویل ئاغا ئاگادار کرایەوە کەدوو کوڕی کوژراون بەدەستی ئیسماعیل بەگ یەکجار توڕەبوو بە پەلە هاتەوە بۆدیتنی تەرمەکان.

ئەم ڕووداوانە لەو کاتەدا بوون کە ناڕەزایی دژی بەریتانیا لەوپەڕی پەرە سەندن دابوو، ڕواندز ئازاد کرا لەدەستی ئینگلیز، نووری لەگەڵ سورچییەکان لەدژی ئیسماعیل بەگی لایەنگری ئینگلیزو حاکمی ڕواندز ڕێك کەوت، بەم جۆرە ڕواندز لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم دووەم ناوچەی ئازاد کراو و پاککراوە بوو لەدەستی ئینگلیز لەدوای شاری سلێمانی.[72]

ئیسماعیل بەگ زۆرجار ئامۆژگاری کرابوو کەوا وڵات بەجێ بهێڵێ و لەئەوروپا بژیت بەڵام ڕازی نەبوو، چونکە ئەوکوردبوو شاخەکان و وڵاتەکەی لای لەهەموو خاکێك خۆشەویست تربوو، بۆیە لەژیانی دا هەمیشە لەژێر سێبەری ترسی کوشتن دەژیا، خەڵکەکە هەموویان دەیان زانی ئەو دوژمنایەتیە بەکوشتنی ئەو کۆتایی دێت هاملتۆن لەلای پاسەوانەکانی کە ئیسماعیل بەگ بۆی دانابوون گوێی لەم شتانە دەبوو، یەکێك لەو پاسەوانانە سلێمان بەگی دەرگەڵەبوو لەهەموویان زیاتر لەخەمی کوشتنی ئیسماعیل بەگ دابوو، وەئیسماعیل بەگ خۆی دەی وت تازە مەحاڵە نووری لەگەڵ من ڕێك بکەوێت بەردەوام بیری لەو دوژمنایەتیە دەکردەوە.[73]

نووری چاوەڕوانی دەرفەتێکی دەکرد بۆی هەڵکەوێت ئیسماعیل بەگ لەناوببات، ئەمانە زۆربەی ڕای سەرچاوەکانە بۆکوشتنی ئیسماعیل بەگ بەڵام هەندێ ڕادەڵێن کەوانووری کوری باویل ئاغاکەئەوانیش دەست ڕۆی ڕواندز بوینەزۆر بەئیریەوە

---

[72] مستەفا جوندیانی، س.پ، ل٤٣. دەبلیو ئار های، دووساڵ لەکوردستان، س.پ، ل٣١٤. بیرەوەریەکانی بنەماڵەی باویل ئاغا، علی ئاغا دەدوێ

[73] هاملتۆن، س.پ، ل٢٥٤-٢٦٨-٢٨٤. وشیار محەممەد حەمەد ئەمین کۆیی، س.پ، ل ١٠٤-١١٩

**هەڵبــژاردنی ئیســماعیل بــەگی بۆحاکمایــەتی ڕوانــدزی وەرگرتووە، ئەمــە زیــاتر ڕێگاخۆشکەر بووە چونکە کوشــتنی براکــانی نــووری هــەر زوو ڕوون بۆتــەوە کــە پلانی ئینگلیز بووە نەك هی ئیسماعیل بەگ.[74]**

**لەســاڵی ١٩٣٢ڕۆژی برینــداربونی ئیســماعیل بەگــە لــەو ڕۆژە دا ئیســماعیل لەژێرشەقامی قەڵای هەولێر پیاسە دەکات، یەکێك لەکورەکانی نووری پەلاماری دەدات کەناوی سەباحە (( نووری نامە بۆ سەباح لەقوتابخانەی ناوەنــدی هــەولێر دەنێرێــت و پێی دەڵێت بڕۆ دەمانچە بدە لەبەژنی سمایــل بــەگ ))دەدات ویەکســەر دایــە بــەر دە مانچە، ئیسماعیل بەسەختی سەری بریندار بوو شەویلگەی وردبوو، یەکسەر گەیەنرایــە نەخۆشخانەکانی هەلێر دواتــر ڕەوانــەی نەخۆشــخانەی بەغــداد دەکرێ، یەکــەم جــار سەباح نووری باویل ئاغا هەڵدێت بۆ ماڵی (کەریمی کورەچی ).[75]**

**دوای پەیدا بوونەوەی سەباح لەماڵی مەلا فەندی لەبــەردەم مســتەفا قــەرەداغی و مەلافەنــدی ئاشــت دەبنــەوە ئیســماعیل بــەگ دەڵێــت هەرچــەندە مــن دەســتم**

---

**[74]هاملتۆن، س.پ، ل٢٥٩. ' لەزۆرکەسی بەتەمەنی ڕواندزباسی ئەوکێشەیە بیستووە ،دەڵێن هەردوو بنەماڵەی گەورەی ڕواندزبوون، یەکیان لەسەرووی شارەکەدەسەڵاتییان هەبوو، ئیسماعیل بەگیش لەگەڕەکی سەرای ئەوکات حکمداربوونو کەئیسماعیل بەگیان هەڵبژارد بۆ حاکمایەتی ناوچەکە لەو کاتەوە نووری لەهەوڵی ئەوکارەدابوو، بەلاّم لەقسەکانی خەڵکی ڕواندزدا پەشیمانی زۆری نووری وای کردووە کەبەردەوام لەژیانیدا رقی لەخۆییێتو دەڵێت بەداخەوە ئەم کوشتنە شتێکی زۆر نەشیاوبوو هەتاوەکو مردیش وێنەی ئیسماعیل لەتەکوێنەی خۆی لەماڵەکەیدا هەڵواسی بوو، سەرچاوەکان ئاماژە بەهۆکاری پلانی دوژمن دەکەن بۆئەم کوشتنە ئەو ڕقەی نووری بەرامبەر بەئیسماعیل بەگ: دیدار لەگەڵ زرارمحمد مستەفا.ڕواندز،٢٠١٤/٣/١٠**

**[75]کاسێتێکی تۆمارکراو بەلاوکو حەیران لەسەر کارەساتی کوشتن.' چالاك میرانی، س.پ، ل٦٣**

لەخوێنی( مستەفا وکەریم )براکانی نووری دانیە بەڵام بائەم دووگوللەیە ببێتە تۆڵـەی خوێنی ئەو دوو جوانە مەرگە،بەهەرشێوەیەك بێت ئیسماعیل بەگ لێـی خـۆش دەبێـت بەڵام ( مستەفاقەرەداغی )حاکم بوو( ۷ )ساڵ زیندانی بۆ سەباح دانا،لەوکاتەدا نـووری باوکی سەباح دێتـەوە کەلـە دهـۆك قومەیسـەر بـووە هاتۆتـە بەندیخانـەو گلـەیی لەکورەکـەی دەکـات دەڵـێ خۆزگـە تۆلـەمن نـەبوای سمایـل بـەگت بەزینـدووی هێشتەوەئەویش دەڵێ(( من بەمەرامی کوشتن لێم دابەدەستی ڕاست بـەڵام خـوا ڕزگـاری کرد ))،نووری دەڵێ من دەبمە ڕوح کێشی ئیسماعیل بەگ.[76]

لەوکاتەی ماڵی باویل ئاغا هەواڵی گەڕانەوەی ئیسماعیل بەگ لەهەولێریان بیست لەگەڵ خدری حەمەدەشینی سەرچیا کەوتنە خۆبۆدانانی پلانێك بۆکوشتنی، ئەو گروپە پێك دەهات لە( نووری وخزمێکی تریان کەناوی حەسەن حـاجی عەبـدولرزاق ) ئینجـا دەچنە سپیلك نزیك گەلی علـی بـەگ لـەدۆڵێکی نزیـك ناحیـەی خـەلیفان کـەدۆڵی ( نیشاویَ ) بوولەقەڵای با یز بۆسەیان بۆدانا.دیارنییە چۆن نووری ئاگادار کراوەتـەوە لەهاتنەوەی ئیسماعیل بەگ بەڵام ئەگەر ئیسـماعیل بیزانیایـە نـووری گەڕاوەتـەوە زیاتر ئاگاداری خۆی دەبوو،هەندێ سەرچـاوەش دەڵـێن ئیسـماعیل بـەگ زانیویـەتی لەلایـەن قەشـەی هـەریر چـەند جارێـك تکـای لێ دەکرێـت کەنـەڕوات بۆسـەی بۆدانراوەتەوە.[77]

---

[76]ئەسعەد عەدۆ،س.پ،ل٥٥ .،کاسێتێکی تۆمارکراو بەلاوکو حەیران،س.پ.`حوسێن مستەفا ،ڕواندز لە ئێستا و ڕابردوو دا ،چا:هێڤی،هەولێر،٢٠١٣،ل٣٣

[77]ئەسعەد عەدۆ،س.پ،ل٥٥ ، دیدار لەگەڵ مامۆستا بورهان سەدیق حارس،س.پ.، کاسێتی تۆمارکراو لەسەر کارەساتی کوشتنەکە.

ئیسماعیل بەگ کاتێك دەگاتە شوێنەکەی بۆسەی نووری و قەت لـەوباوەڕە دانـەبوو کەهەرگیز جارێکی تر ماڵەوەی نابینێتەوە کتوپڕ دەست بەتەقەکردن کراو پیاوەکـانی زۆر بەرگریان لەسەردارەکەیان کرد، هەندێ لە پیاوانی ئیسماعیل بەگ و پیاوانی نووری لەوکارەسـاتەدا کـوژران وەکـو لـە پیاوانی نـووری حەسـەن حـاجی وعەبـدولرەزاق ومەلاعەزیز دەکوژرێن و علی نووری وسەلیم حەمەدەشـین بریندارەدەبن، لەهـەمان کـات پیاوانی ئیسماعیل بەگیش خۆی وحوسێن بلەیی وغەفوور ڕواندزی دەکوژرێن و حەسەن قادرو سلێمان بەگی دەرگەڵە ومامۆ ڕواندزیش بەبریندارى ڕزگـار دەبـن بـەڵام خـدری حەمەدەشین ونووری دەردەچن وعلی باویل ئاغا خۆی دەدات بەدەستەوە، بەڵام لەئە نجام دا هەموویان بەند دەکرێن وئەوکات سزاکەیان ٢٠ساڵ زینـدانی بۆدەبڕێتـەوە لـە پاش تێپەڕبوونی چەندساڵێك سمایل ئاغای کوری نووری لەهەریر دەکوژرێـت وڕووداوەکـان زۆر دڵتەزێن وخەمناك یەك لەدوای یەکدێن.[٧٨]

بەم جۆرە دواچرکە ساتی ژیانی ئیسماعیل بەگی کورد پەروەر کۆتایی هات وڕێگـەی هاملتۆنی بەخوێن سوور کرد وئەو ڕێگایەی کەبەیارمەتی ئێشکچـیەکانی ئـەو دروسـت کراوە، ئـەو ڕێگایـەی ئیسـماعیل بـەگ بە پێشـکەوتنی وڵاتەکـەی دادەنـاو جێگـەی قەڵاوپردەکانی پاشای گەورەی ڕوانـدزی گرتـەوە بـا پیرە گـەورەی ئیسـماعیل بـەگ ،دەدرەوشێتەوە بەلەناوچوونی ئەو کەسایەتییە رەچەلەکی میرانـی سـۆران لەڕوانـدز کۆتایی هات.[٧٩]

---

[٧٨] ئەسعەدعەدۆ، س. پ، ل٥٥. 'ئومێد شێرکۆ شاکر مجروم، ڕواندز لەلاپەرەکانی مێژوودا، چا:شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠١١، ل٢

[٧٩] هاملتۆن، س. پ، ل٢٨٧

دەر بارەی كارەســاتەكە هــەر وەكــو وتمــان كەســەرێكی شــوومە و جێگــای شــانازی نەتەوەكەمان نییەو لە ئە نجامی داب و نەریتی كۆن و بۆگەن قەوماوە، سەرەڕای ئــاگر خۆشكەران و دوژمنـان ...چونكە ئەو كارەساتە و چەندانی تر بوونــە هــۆی دواخســتن و پێش نەكەوتنی ناوچەكە بەتايبەت شارە خنجيلانەكەو پەرتووكەكەی كورد كەلــەدێر زەمانەوە وەك ئەستێرەيەكی گەش لەئاسمانی مێژووی نەتــەوەی كــورد دەدرەوشــێتەوە بەلەناوچوونی ئەو كەســايەتيیە كەلەڕەچــەڵەكی میرانــی ســۆران بــوو ڕوانــدز خــۆی لەڕووداوی ناخۆش و دەنگە دەنگێكی زۆری خەڵكەكەی بینییەوە.[٨٠]

## دەنگ دانەوەی كوشتنی ئیسماعیل بەگ

لەدوای كوشتنی ئەم گەورە پیاوە، جاچۆن كوژرابێت يان لەبەرچی ڕەوابێ يان نــاڕەوا دەنگدانە وەيــەكی ناخۆشــی ی هەبوو، چــونكە ئــەوكات خــەڵكی كوردســتان بەگشــتی ببونەدووبــەش لەمــەڕ هــەردوو لايــەنگر بــوون بــۆ دەســەلاتی توركيــاو بــەريتانيا بنەماڵەكانی دوژمن داريش بنەماڵەی باويل ئاغا لايەنگری تــورك بــوون و ئيســماعيل بەگيش هيوای بەئينگليزەكان بوو واتە لايەنگری ئەوان بوو.

جاخەڵكی ڕواندزيش ببونەدووبەش هەندێكيان لايــەنگری بنەماڵــەی باويــل ئاغابوون هەندێكی ديكەشيان لايــە نگــری ئيســماعيل بــەگ بــوون، لە پەرلــەمان دا سياسە تمەدارانی عــەرەب و ئينگليــز هــەر زوو پلانــی كوشــتنيان بــۆ دانــا و ســوديان لەناكۆكی خێلی باويل ئاغا بينيوەو خەبەری كوشتن بە مەليك فەيسەڵ درا دەڵێن چەند

---

[٨٠] ئەسعەد عەدۆ،كارەساتی دۆڵی نيشاوێ لەنێوان فۆلكلۆر و مێژوو دا،گ: نووسەری كورد،ژ:٢ ئابی ١٩٨٥،بەغداد،ل ١٦٤

جارێك سوپاسی خوای كرد و دەستی بەدەم و چاوی خۆی دا هێناو ووتی(( سوپاس بۆ خوا لەدەست ئیسماعیل ڕواندزی ڕزگارمان بوو)).

بۆیەبەكوشتنی ئیسماعیل بەگ ڕواندز هەڵساوتووشی بارودۆخێكی خراپ هات لەگشت لایەكەوە، ئەگەرسەیربكەین چۆن خەڵكی كوردهەمیشەبیری لەسەرشۆڕنەكردن لە مێشكی چەسپیوە هەرلەبەر ئەمەشە یەك نە گرتن لەنێو ڕیزەكانی كورد دروست دەبێت ئەگەر هاتباو یەك كەس بەبێ كێشەناوچەیەك بەرێوەببات قەت وەهابەسەر كوردنەدەهات كەئێستاشی لەگەڵ بێت دوژمنانی كوردشارەزای سروشتی كوردبوونە بۆ نموونە سەعید بەگی باوكی ئیسماعیل بەگ هەر لەبەر ئەم كێشەیەكوژرا و ئەم كارەساتانەی بەدووا داهات[81]

ئەمەبەگشتی بوو بەلاّم خزم و لایەنگرانی و دۆست و پێوەندەكانی بەتایبەتی زۆر بەم ڕووداوە خەمناكەحە پەسان بۆ نموونە ئەگەر باسی دایكی بكەین ئەوا بەڵگەی زۆر پشت ڕاستمان هەیە بۆئەو دلگرانیەی لەعلی خان ،سەرچاوەكان دەڵێن چەندەها لاوك و حەیران و بەیتی بۆ هەڵگوتووە كە لە بە ر ئە م گە نجە كوژراوە بە ناحەقی خە ڵكی ڕواندزیش تائەمڕۆش ئەوبەیتانەیان لەسەر زارە و جگەلەمەش گۆڕی دایكی لەتەك گۆڕی كوڕەكەیەتی ئەمەش واتای دڵ سوتاوی لەعلی خان دەدات جگەلەمەش دایكی لەدوای مردنی كوڕەكەی نەیهێشت كەس ژووری كوڕەكەی ببینێت[82] دەنگ دانەوەكە كاری كردەسەر جولاّندنی هۆش و بیری ئەدیب و شاعیرانیش لەوانە هجری شاعیر شەهید كردنی ئەو گە نجە بەبێ تاوانی وەكو كوشتنی ئیمامی عەلی وەسف دەكات.[83]

---

[81] ئومێد شێركۆ شاكر مەجرووم،س.پ،ل:٢٧

[82] دیدار لەگەڵ زرارمحمدمستەفا،س.پ. ئەسعەد عەدۆ،س.پ،ل٥٨

[83] ئا :یاسین برایم، پەیڤێك لەساڵیادی شەهیدكردنی ئیسماعیل بەگ ڕواندزی،سایتی رواندزی نوێ.

## دەرەنجام

لەم توێژینەوە و گەڕانەدا گە یشتمە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١-ڕواندز شارێکی دێرین و خاوەن مێژوویکی دەوڵەمەندە و بەژداری چالاکی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی کردووە،هەروەها جوگرافیایەکی جوان وستراتیژییێکی گرنگی هەیەو بۆتەشوێنی ململانێی داگیرکەرانی سەدەی بیستەم وەك( تورکیا-بەریتانیا )بەتایبەتی‌لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هەروەها شوێنی هەڵکەوتنی چەندەها کەسی ناودارو ڕۆشنبیر و شاعیران بووە.

٢-ئیسماعیل بەگ لەماوەی حوکمڕانی وحاکمایەتی شارەکەی دا تووشی نارەزایی بەشێك لەخەڵکەکە دەبێتەوە و لەسەردەمی حاکمایەتی ئەودا ڕا پەڕینی ڕواندو خێڵی سورچی بەرپادەبێت و خەڵکەکە لەدەسەلآتی ئینگلیز ڕادەپەڕن و ئیسماعیل بەگیش بە پیاوی ئینگلیز دادەنێن ..

٣-ئیسماعیل بەگ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دا دووجار بەنوێنەری شاری هەولێر هەڵدەبژێردرێت ئەمەش مانای وایە خەڵکەکە زۆر لێی ڕازین ودەنگی پێ دەدەن تاکو داواکاری ڕەوا بۆکورد بەرز بکاتەوە.

٤-ئیسماعیل بەگ لەگەڵ ئەوەی کەوا تەمەنێکی کورتی هەبوو بەلآم لەژیانی دا چالاکی زۆربەبایەخی هەبووە بۆکورد بەگشتی وخەڵکی ناوچەکەی بەتایبەتی سەیری هەموو ئەو سەرچاوانەم کرد کە باس لەبزاڤ وسەربەخۆیی و دەوڵەتی کورد دەکەن،ناوی ئەو پیاوەی تیادا هاتووە،لەئەنجوومەنی نوێنەران لەسەردەمی پاشایەتی شەش ساڵ دەوامی کردووە، لەخولی یەکەم سێ ساڵ و خولی دووەم سێ ساڵی تر.

دوای ٣٨ساڵ لەبەڕێ کردنی ژیانی دوژمنداریێتی هاو زێدی خۆی لە١٩٣٣/٦/٨ کوژرا. بەنـەمانی ئـەم کەسـایەتییە گەلەکـەمان بـە گشـتیو شـاری روانـدز بەتاییـەتی نیشتمانپەروەرێکی کوردی لەدەستداو چرایەکی ڕووناکی شاری ڕواندز کوژایەوە، چونکە ئەو ڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەری ئەو کاتی شارەکەی بوو کە درکی بەم شـتانە کـردووە بۆ نەتەوەکەی.

٥-ئیسماعیل بەگ کەسا یەتیەکی ڕۆشنبیرو دانابوو ،لەژیانیدا هەردەم هەوڵی داوە کاری باش بکات و هەردەم لەخەمی نەتەوەو خاکەکـەی دابوو، لـەدوای مردنـی بـاوکی دوژمنایەتی بۆ دروست دەبێت و لەکۆتاییدا وەکـو بـاوکی بـەهۆی کێشـەی خێڵایـەتی دەکوژرێت.

٦-لەژیانی سیاسی دا بەتاییـەتی لە پەرلـەمان دا بەشـێك لـە سیاسـە تمەدارانی عەرەب و ئینگلیز ترسیان لەهەڵوێست و قسەکانی نیشتبوو و هەر زوو پلانی کوشتنیان بۆ دانا و سودیان لەناکۆکی نێـوان خێڵـی باویـل ئاغـا و ئیسـماعیل بـەگ وەر گـرت لەکۆتاییدا کوژرا و مەرامی ناحەزانی کورد هاتە دی ..

٧-لەو چاو پێکەوتن و دیدارانەی کەوا ئە نجامم داون لەماوەی توێژینەوەکەم دا بۆم دەرکەوت کەکارەسـاتەخەمناکەکەی دۆڵـی نیشـاوێ چـەند تراژیدیایـەکی ناوچـەیی بووە، چونکە هەموو ئەو بەڕێزانەی لەنزیکەوە لەگەڵیان دووام زۆر بەگران وەسفی ئـەم دوو بنە ماڵەیە دەکەن کەبۆچی وەها کەوتنە گیانی یەکتر بـەفیتی دوژمنـان و بـوونی دەستی بێگانە لەمەسەلەکەدا هەریەکە چەند کەسێکیان لەیەکتر کوشت.

٨-ماڵی باویل ئاغا لەدوای کوشتنی ئیسماعیل بـەگ پەشـیمانی دایـان دەگرێـت و هەمیشە نووری بـۆ دۆسـت و پێوەنـدەکان و خزمـەکانی دووپـاتی کردۆتـەوە کـە زۆر پەشیمانە و کارێکی هەڵەی کردووە، وە لەبارەی کەسایەتی نووریشـەوە کەسـێك بـووە

کەحەزی بەئـازایەتی و مەردی کردووەو مێجەر های دەڵێت کە ها تمە ڕواندز ئــەو پیــاوە بووە جێگای سەر سووڕمانم چونکە سەرۆکایەتی نەدەویست و داروو دەستەی زۆر نەبوو، وە لە لایەنی پارەو پولیش هەوڵی نەدەدا بەڵام ئازا بوو، بــوونی ئینگلیــزی لــەلا ڕەوا نەبوو هــەر زوو بــۆ ســەر فــرازی و میللــە تخوازی چــەکی هــەڵگرت و لــە شۆڕشــەکانی ۱۹۲۰، ۱۹۳۲، ۱۹٤۳، ۱۹٤۵، و شەڕی ئاکرێ، ڕانیە، باتـاس بەژداری کرد ، بــەڵام لێــرەدا ناتوانم زۆر لەسەری بنووسم تەنیا ئەوە نەبێت کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە.

# ليستى سەرچاوەكان


**١-سەرچاوە كوردیەكان**

**١. ئەحمەد حەمەد ئەمین، ڕواندز لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسی، لەبلاوكراوەكانی سەنتەری ستراتیجی كوردستان. ، سلێمانی ٢٠٠٦**

**٢. ئەحمەد حەمەد ئەمین، ئەندامە كوردەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەڕۆژگاری پاشایەتی دا، چاپخانەی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠**

**٣. ئەسعەد عەدۆ، لیرەیەك لەگەنجینەی نەتەوەی كورد، چاپخانەی عەلا، بەغداد، ١٩٨٤**

**٤. ئەسعەد عەدۆ، كەلەپووری كوردەواری، چاپی یەكەم، چاپخانەی كوردستان، هەولێر، ٢٠١٥**

**٥. ئومێد شێركۆ شاكر مەجروم ، ڕواندز لەلاپەڕەكانی مێژوو دا چاپخانەی :شەهید ئازاد هەورامی ، كەركوك، ٢٠١١**

**٦. حوسێن مستەفا, ڕەواندز لە ئیستا و ڕابردوودا, چاپخانەی هێڤی, هەولێر,٢٠١٣.**

**٧. تاریق جامباز، لەناودارانی دەڤەری سۆران شێخ كاكەمینی سەران، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩.**

**٨. حوسێن حوزنی مێژووی میرانی سۆران, دەزگای ئاراس, هەولێر, ٢٠١١**

**٩. د.كەمال مەزهەر چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی كورد ،بەرگی یەكەم، چاپخانەی الادیب البغدادیه، بەغداد، ١٩٨٥**

**١٠. د.كەمال مەزهەر، كوردو كوردستان لەبەلگەنامە نهێنییەكانی حكومەتی بەریتانیادا، ئا :عەبدولا زەنگەنەو شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی یەكەم ، چاپی یەكەم، چاپخانەی گرین گەلەری، لوبنان، ٢٠٠٨**

**١١. د.ئازاد عوبێد سالح، مەعروف چیاووك ڕۆڵی سیاسی و كارگێری و ڕووناك بیری، چاپخانەی هاشم، هەولێر٢٠١٢**

١٢. د.كەیوان ئازاد ئەنوەر،کوردستان و کورد لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییدا، چاپخانەی بابان،سلێمانی ،٢٠١٠

١٣. زرار سلێمان بەگ،دەرگەڵەو بنەماڵەی میرەکان،ب.ش،٢٠٠٠

١٤. زرار محەمەد مستەفا،هونەر لەڕواندزێ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی هێڤی، هەولێر،٢٠١٢

١٥. سەلمان عەلی،کوردستانی عێراق لەبەلگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا،بنکەی ژین،سلێمانی٢٠٠٥

١٦. شۆرش ئەحمەد گەرمییانی،گولبژێرێك لەناودارانی کورد،چاپخانەی چوار چرا،سلێمانی ٢٠١٣

١٧. چالاك میرانی ، پارچە هەورێکی زینووی سەر ئاسمانی شارەکەم ،چاپخانەی منارە،هەولێر،٢٠٠٣

١٨. عەقیلە ڕواندزی،یاد و ئافەرین،چاپی یەکەم ،چاپخانەی پەروەردەی هەولێر،هەولێر،٢٠٠٥

١٩. عەقیلە ڕواندزی،وەبیرم دێنۆ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠١

٢٠. فاتح ڕەسوڵ،مێژووی سەرهەڵدانی بیرۆکەی چەپ لەکوردسنات دا،چاپخانەی چوار چرا،سلێمانی،٢٠٠٥

٢١. فەرهاد پیربالْ،کرنۆلۆژیای هەولێر،چاپخانەی شەهاب،هەولێر،٢٠٠٨

٢٢. کاکە مەم بۆتانی, لەدووتوێی یاداشتی شاردا, چاپی سێیەم, چاپخانەی ئۆفسێتی ژێر, ٢٠٠٤ .

٢٣. کامەران ئەحمەد حەممەد ئەمین ،کوردستان لەنێو ململانێی دەوڵەتی و ناوچەیی دا،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئۆفسێتی سەردەم ،سلێمانی،٢٠٠٠

٢٤. کەریم شارەزا،ئینسکلۆ پیدیای هەولێر،بەرگی١٠چاپخانەی گرین گەلەری،بەیروت, ٢٠٠٤.

٢٥. مەمدوح مزوری ,مێژووی ڕواندز ,چاپخانەی منارە, هەولێر, ٢٠٠٥.

٢٦. مەهدی محەممەد قادر،هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩١٤_ ١٩٣٠،چاپخانەی ڕۆژ هەلات ،هەولێر،٢٠٠٨

٢٧. مەولود بێخاڵی و تاریق جامباز، ڕواندز شارەکەی پاشای گەورە، بنکەی ڕۆشنبیری شەهید ڕێباز، سلێمانی، ٢٠٠٦

٢٨. محەممەد ڕەسول هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم ودووەم، چاپخانەی بلاد ڕۆز، لەندەن، ١٩٩١

٢٩. مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، ئا :ئازاد هیدایەت دەلۆ، چاپخانەی ئەرا بخا، کەرکوك، ٢٠٠٦

٣٠. محەممەد ساڵح ئاکرەیی، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧

٣١. نادر فەتحی بۆکانی، کرنۆلۆژی کوردستان، ب.ش، ٢٠٠٣

٣٢. وشیار محمد حەمەدەمین کۆیی ،هەولێر لە یاداشت و بیرەوەری گەڕیدەو نوسەرە بیانیەکاندا چاپخانەی:مستەقبەل ،لوبنان، ٢٠١٣

٢-کتێبە وەرگێڕدراوەکان

١. شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، و:مامۆستا هەژار، چاپی شەشەم، سنە، ٢٠٠٦

٢. دیڤدمەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەیوب بەکرخۆشناو، چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥، هەولێر

٣. ڕۆبەرت ئۆلسن، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، و:ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای نیگا، سلێمانی٢٠٠٩

٤. کرێس کۆچێرا , کورد لەسەرەتای سەدەی ١٩ و ٢٠ دا, و:حەمە کەریم عارف، چاپخانەی شڤان, سلێمانی , چاپی دووەم

٥. مەعروف چیپاوك کارەساتی بارزانی زوڵم لێکراو، و: ئەبو بەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم ،چاپخانەی خانی ،دهۆك

٦. عوسمان عەلی، بزاڤی هاوچەرخی کورد، و:کامران جەمال بابانزادە، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕێنوێ، ٢٠١٠

٧. عوسمان علی، کورد لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و:کامەران جەمال بابانزادە، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣.

## ٣-سەرچاوە عەرەبییەکان

١. أحمد حمد أمين قادر، موقف المجلس النواب العراقى من القضية الكردية في العراق مظبعة :مؤسسة سردم، سليمانى٢٠٠٧

٢. د.أحمد. محمد علي الصويركى، معجم اعلام الكرد في التأريخ الاسلامي العصر الحديث في كردستان و خارجها، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦

٣. جمال بابان، أعلام كرد العراق، مطبعة شفان، ٢٠٠٦

٤. د.سروة أسعد صابر، كوردستان الجنوبية، مطبعة :كوردستان، سليمانى٢٠٠٦

٥. عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحريرية، مطبعة :وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١

٦. محمد مظفرالادهمى ، المجلس التاسيس العراقي، بغداد، مط :السعدون، ١٩٧٦

٧. مير بصري، /اعلام السياسة فى العراق الحديث، مطبعة الدار الحكمة، لندن، ٢٠٠٤

## ٤-یاداشتەکان

١. دەبلیو ئار های، دووساڵ لەکوردستان، و:لوقمانی با پیر، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠

٢. جەلال تەقی, خەباتی گەلی کورد لە یادەشتەکانی ئەحمەدی تەقیدا , چاپخانەی رەنج ,سلێمانی ,٢٠١٠

٣. ئەی ئێم هاملتۆن، ڕێگایەك بە کوردستان دا، و:عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣

٤. ئەحمەد خواجە , چیم دی, ئاراس, هەولێر,٢٠١٣.

## ٥-تێزی دکتۆرا

١. مەهدی محەممەد قادر، هەولێر لەنێوان ساڵانی١٩٢٦-١٩٣٩، هەولێر٢٠٠٤

## ٦- گۆڤارەكان


٢. گۆڤاری دیاری كوردستان، ژ٧، سلێمانی، ٢٠٠١

٣. گۆڤاری ژین، ژ٥، سلێمانی ٢٠١٣

٤. گۆڤاری ڕواندز، ژ:١ ی نیسانی ١٩٩٨

٥. گۆڤاری ڕواندز، ژ٢ هاوینی١٩٩٨

٦. گۆڤاری كاروان، ژ:١٠٩ئاداری ١٩٩٧

٧. گۆڤاری كاروان، ژ:٨ ئایاری ١٩٨٣

٨. گۆڤاری كوێستان، ژ٨كانوونی یەكەمی ٢٠٠٧

٩. گۆڤاری ڕووناكی، كۆی ژمارەكان، ئامادەكردنی كوردستان موكریانی٢٠٠١

١٠. گۆڤاری نووسەری كورد، ژ:٢خولی سێیەم ئابی١٩٨٥


## ٧-دیمانەكان


١. دیدار لەگەڵ بەڕێز زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی لە سۆران٢٠١٤/٢/١٦

٢. دیدار لەگەڵ بەڕێز ساڵح محەممەد ساڵح، لە ڕواندز بەرواری٢٠١٣/١٢/٢

٣. دیدار لەگەڵ بەڕێز فەخری سیلاح شۆڕ لەبەرواری ٢٠١٤/١/٢٢

٤. دیدار لەگەڵ بەڕێز مامۆستا بورهان سەدیق حارس. لە ڕواندز لە بەرواری ٢٠١٣/١١/١٨

٥. دیدار لەگەڵ مامۆستا زرار محەمەد مستەفا بەرواری ١٠/٣/ ٢٠١٤.


## ٨-كاسێتەكان


١. كاسێت، كارەساتی كوشتنی ئیسماعیل بەگ بە حەیران و لاوك بەدەنگی عەزیز حەیران.

٢. كاسێت, مێژووی بنەماڵەی باویل ئاغا، عەلی باویل ئاغا دەدوێت.


## ٩-ئینتەرنێت


١. وثيقة فرنسية :خويبون في الوثائق الفرنسية

٢. شعری شاعیر هجری دەربارەی كارەساتەكە، سایتی ڕواندزی نوێ٢٠٠٩.

# لیستی پاشکۆ و وێنەکان

١-شعری هجری شاعیر وەرگیراوە لە ئەنتەرنێت ،سایتی ڕواندزی نوێ.

٢-وەرگیراوە لەکتێبی ئەسعەد عەدۆ( لیرەیەك لە... ).

٣- وێنەی ئیسماعیل بەگ،وەرگیراوە لەبەڕێز ( تەیب موعتەسەم عەزیز ).

٤-درەختی بنەماڵەی ئیسماعبل بەگ وەرگیراوە لە بەڕێز( فەخری سیلاح شۆڕ)

٥- یاداشتێکی ئیسماعیل بەگ کە بەرزی کردۆتەوە بۆ حکومەتی عێراق وەرگیراوە لە کتێبی ئەحمەد حەمەد ئەمین قادر( موقف مجلس ..... )

٦- نووری باویل ئاغا. وەرگیراوە لە بەڕێز ( تەیب موعتەسەم. )

٧- وێنەی گۆڕی ئیسماعیل بەگ و لەعلی خانی دایکی.بەکامێرای نووسەر گیراوە.

٨- وێنەی ئیسماعیل بەگ/ وەرگیراوە لە بەڕێز ( تەیب موعتەسەم )

٩-ئیسماعیل بەگ لەسەر پردێکی ئەوکاتی ڕواندز ڕاوەستاوە. وەرگیراوە لە بەڕێز ( تەیب موعتەسەم )

١٠- وێنەیەکی کۆنی گەڕەکەکەی ئیسماعیل بەگ.وەرگیراوە لە بەڕێز ( تەیب موعتەسەم )

١١- یاداشتێکی ئیسماعیل بەگ کەلەگەڵئەندامەکانیتر بۆحکومەتی عێراق بەرزی کردۆتەوە .لە کتێبی ئەحمەد محەمەد ئەمین قادر ( موقف مجلس النواب... ) وەرگیراوە.

١٢- دەستنوسێکی ئیسماعیل بەگ .وەرگیراوە لە گۆڤاری ڕووناکی کۆی ژمارەکان

١٣-بەڵگەنامەی بوونی ئەندامییەتی ئیسماعیل بەگ لە کۆمەڵەی خۆیبوون.

پاشکۆی ژماره ( ۱ )

**شاعیر ( هجری ) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە کارەساتی کوشتنی ئیسماعیل بەگ بەڕادەیەکی زۆر کاری تێکردووە شعرێکی داناوە لەسەر سۆزی لەعلی خان بۆ کوڕەکەی و جەرگ سوتاوی ئەم ئافرەتە کەخاوەنی تاکە جگەرگۆشێك بوو دەڵێت :**

**درحق شهید و محروم اسماعیل بك رواندز مرثیه**

**پس از اسماعیل اوضاع رواندوز بس پریشان شد**
**ز تاثیر جدانی خانة وکاشانة سؤزان شد**
**ز جشم مادرش جون ( لعل ) رخشان خون سرخ امد**
**زهر ماه نو خورشید عالمتاب طریان شد**
**بدل بفرست مولا بهر حق ذبح اسماعیل**
**کة این ( اسماعیل )اما جون حسین ایواه قربان شد**
**بعید افتاده یوسف ازد یارش این شعید افتاد**
**جواین میراز ( سعید ) أن نوجوان از بیر کنعان شد**
**شرف دید ابتدا روح سعید ش عزم جنت کرد**
**پدر پیش از ثسر اندرمیان خرن غلتان شد**
**بجای نغمة هر کبك کر فریاد میخواند**
**مکر سالار کرد ستانر اکشتندو بیجان شد**
**نکجید فسرش اندرز مین أمال علوی داشت**
**پریداز باغ دنیا بلبل کلزار رضوان داشت**
**بماند یادکار این لوحه باصد نوحه از هجری**
**بخون دل نشان روضة این میر میران شد**

*** *** ***

وەرگێڕانی شعرەکە :-

لەهەقی شەهید و خوا لێخۆشبوو ئیسماعیل بەگ ڕوانـدزی دوای مردنـی ئیسـماعیل بەگ بارودۆخ خراپ بوو لەژێر کاریگەری ئەو خانووەکان وێران بـوون لەچـاوی دایکـی فرمێسکی خوێناوی دەهاتەخوار """"کاتێ مانگی نوێ هات هـەتاوی جیهـانیش دەگریـا ،ئەی خودا لە جێگەی ئیسماعیل بەگ یەکێکی تر بۆ ئێمە بنێرە ،ئەو ئیسماعیلە وەکـو حوسـەین قوربـانی بووهـەروەك چـۆن مـیرزا ( سەعید ) لە گە نجیدا کەوتە بیری کەنعان ،ئەو دێت کە ڕووحی سـەعید دەچـێتە نـاو بەهەشـتێکی گـەورە ،لەجێگـەی هـەر ئـاوازێکی کـەو بانگییـان دەکـرد و هاواریـان دەکرد، چونکە ئەوان سالارو سەروەری کوردییان کوشت و بێ گیانیان کرد .ئەو باڵندە یە لەناو بوولبوولەکان فـڕی و چـووە بەهەشـت و هـەموو کـاتیش ئـەو یادگارییـە هـەر دەمێنێتەوە دەڵێ بخوێنە ئەی دڵ کە ئەو میرە میرات بوو.

پاشکۆی ( ١ )شعری هجری شاعیر وەرگیراوە لە ئەنتەرنێت ،سایتی ڕواندزی نوێ

**پاشكۆی ژماره (٢) ،وەرگیراوە لەكتێبی ئەسعەد عەدۆ( لیرەیەك لە...**

## لاوكەكەی لەعلی خانی دایكی


بەژنیٚ سمایلم ئاغەم دارییٚ مینایە
جوابەكیٚ بەرن لەبۆ بەغدایە
لعلی دەگرییٚ كوڕی كوژرایە
بەژنیٚ سمایل ئاغام دارییٚ مێكوكیٚ
جوابەكی بەرن لەبۆ كەركوكیٚ
لعلی دەگرییٚ لەخۆم بیٚ بووكیٚ
بەژنیٚ سمایل ئاغام دارییٚ كنێریٚ
جوابەكیٚ بەرن لەبۆ هەولێریٚ
كوڕم كوژرایە لەخۆم بیٚ خێریٚ
بەژنیٚ سمایل ئاغام دارییٚ ڕێواسیٚ
جوابەكیٚ بدەنە فەلەی باتاسیٚ
سمایل كوژرایە بیٚ توو بیناسیٚ
بەژنیٚ سمایل ئاغام دارییٚ لەلێڕی
جوابەكیٚ بدەنە سەراو باژێڕی
سمایل نایەتن چبكەم بەزێڕی
ڕوحی ناكڕدریٚ وەڵڵا بەزێڕی
هەی ئاغە ئاغە شین و گریانە
لعلی خان گریا ماڵی وێرانە
پاشی سمایلی كۆر بوو هێلانە

*** *** ***

وەی شەڕە شەڕە وەی شەڕە شەڕە
بەرێ چەندم گۆ شەڕە شەڕ لە چیایە
شەڕی صباحی و سمایل پاشایە
صباح منداره لەمەکتەب دایە
سمایل بەگ وادێ هەر وەکی بایە
لەگە مەعاونی دەستییان تێك دایە
صباح لەسەر ڕێ ی وا ڕاوەستایە
دەمانچەی ڕووتی لە گۆڵێ دایە
گەیە سمایل ئاغەی لە کەللەی دایە
صباح دەڕۆیی دەبووە ئەشقیایە
باشچاوش توخمی سەلەدووی گەڕایە
بەڵان کەریم کوورەچی لەمارێی نایە
سندووقییان دەشکاند صباح تێدایە
صباحیان هەردا لۆ خوار بەغدایە
لعلی خان وادێ فەرخەی کوژرایە
نیوەی ڕواندزێم لەبەرتیل دایە
هەرچوار خولام بوو دوو ئامۆزایە
جێگای صباحم خین لێ ڕژایە
هەقی باڵای تووم هەر لەکن مایە.

پاشکۆی ژمارە (٣) وێنەی ئیسماعیل بەگ، وەرگیراوە لەبەڕێز (تەیب موعتەسەم عەزیز).






**پاشکۆی ژماره (٤)درەختی بنەماڵەی ئیسماعبل بەگ وەرگیراوە لە بەڕێز( فەخری سیلاح شۆڕ)**

## مذكرة النائب إسماعيل راوندوزي

ياصاحب الفخامة رئيس الوزراء المفخم

تختلف مقاصد كل امة من امم العالم حسب احتياجاتها وحسب الظروف والاحوال التي تحيط بها فمن الامم من تنشد بسط سيادتها على العالم ومنها من تنشد تثبيت دعائمها على اساس العلم ومنها من تفكر في ايجاد الوسائل اللازمة للتخلص من نير الفاتحين ولابد لكل امة ان تعلم عندما تقوم بنشر دعوتها ومبدنها لتحقيق اغراضها بان تلك الدعوات او المبادىء عرضة الى النسخ والتبديل والتغيير والتعديل وفي كل وقت وكما ان اغراض ومقاصد الامم متباينة متضاربة كذلك تختلف فيما تضعه من الخطط لترويج اغراضها فتختلف تلك الخطط المرسومة سهولة وصعوبة وصحة وسقما من اسقم الخطط واقرب الطرق الى الفشل وابعدها عن الوصول الى تحقيق الغاية المتوخاة تلك الخطة التي تبنى على اساس هضم حق امة مشروع وطبيعي.

دعاني الى سرد هذه المقدمة التي لم أرَ بداً من ان استهل كلمتي هذه بها هو ما اصبحت عليه الامة الكردية العراقية في اشد الحاجة اليه لتأمين مصالحها المشتركة مع مصالح الشعب العراقي العربي من تعديل في الخطة المتبعة ونوسيع في التشكيلات كي تكون في حالة تتمكن معها من السير بدرجة تتفق مع عشر معشار التقدم الذي بلغته الامم الاخرى، ولي الشرف ان اعرض بصفتي نائباً عن احدى الوية كردستان العراقية النقاط التي ترجو الامة الكردية من حكومتها الموقرة ان تنظر اليها بنظر العطف وحسن النية واللطف.

وتتلخص تلك النقاط كمايلي:

(١) تشكيل لواء كردي من اقضية الموصل: لايخفى على دولتكم بان لواء الموصل في وضعها الحاضر يحتوي على اربعة وعشرين ناحية وتسع اقضية (مع قضاء المركز) وهذه الاقضية هي شيخان. عقرة. زيبار. عمادية. زاخو. دهوك. تلعفر. سنجار. وقضاء الموصل. ولسنا ذاكرين شيئاً جديداً اذا ما قلنا بان الاكثرية الساحقة من عشائر واهالي هذه الاقضية هي اكراد اقحاح في لغتهم وعاداتهم وتاريخهم وامامنا خارطات لجنة عصبة الامم تلك الخارطات التي خطتها على اسس الجنسية وهي تثبت لنا بوضوح لايقبل النقض والابرام بان تشكيل لواء من اقضية خمسة على

**پاشکۆی ژماره ( ٥ ) یاداشتێکی ئیسماعیل بـەگ کەبـەرزی کردۆتـەوە بۆحکومـەتی عێـراق .وەرگیراوە لە کتێبی ئەحمەد حەمەد ئەمین قادر( موقف مجلس ..... )**

الاقل امر يجب ان لايغفل الى هذا اليوم سيما وان الحكومة المحلية قد اقرت في اول يوم تشكيلها تشكيلات الالوية الشمالية الحاضرة وبما ان حكومتنا الموقرة اداميا الله كانت ولاتزال تراعي كل مصلحة ملائمة ومحققة لرغبة الامة فاني باسم الشعب الكردي-العراقي اقترح تشكيل لواء كردي يكون مركزه دهوك يدعى بلواء دهوك ويلحق به اقضية العقرة، زيبار، عمادية، زاخو وان يتبع في تشكيله عين الاساسات التي اتبعت عند تشكيل الالوية الشمالية الحالية كجعل اللغة الكردية اللغة الرسمية والموظفين من الاكراد الخ.

(٢) لايخفى على فخامتكم ان مقياس حياة الشعب هو المعارف وهي التي تؤمن حياة الشعب وسعادته ومستقبله وعكس ذلك يحكم على الشعب بالموت والذل فاذا نظرنا نظرة الانصاف الى معارف الالوية الكردية وقايسنا معارف تلك المنطقة مع معارف المناطق الاخرى نرى جلياً ان معارف المنطقة الكردية متأخرة بدرجة يرثى له، وهذا التاخر كما نعتقد ناشيء عن ارتباطها بالمديرية العامة في بغداد التي لم تهتم بتامين واكمال الوسائل التي تستلزم ترقي معارف تلك المنطقة. وهناك اسباب اهم وهي التي اوجبت التاخر في معارفنا تلك هي النسبة المادية الضئيلة التي تصرف على معارفنا وعدم الاهتمام بترجمة مايلزم من الكتب لاجل ذلك نقترح تشكيل مديرية عامة اخرى لمعارف الالوية الكردية ويكون مدير المعارف كردياً ويكون مركزه في احدى الالوية الكردية.

(٣) بما إنه ثبت لدينا عن تجربة ان بعض القوانين المتبعة الان لا تلائم روح اهالي هذه المناطق فيضطرون من جراء تطبيق تلك القوانين اقترح سن قوانين خاصة تلائم روحية الشعب الكردي وحالته او استثنائه من تطبيق القوانين التي لا تلائم سكانه.

(٤) توحيد ادارة الالوية الكردية الاربعة أعني سليمانية، اربيل،دهوك، كركوك وتشكيل مفتشية عامة يتولى رياستها احد الاكراد المعروفين بكفائته يقوم بمراقبة شؤون تلك الالوية ومراجعة للمتصرفين ويكون حلقة اتصال بالعاصمة وان يكون لديه عدا المستشار البريطاني هيئة استشارية ايضاً لمعاونته في الامور المالية والاقتصادية والصحية والعدلية الخ ثم ان يكون ذلك المفتش ذا صلاحية تامة لصرف واردات تلك المنطقة في سبيل تحسين حالتها المالية والعلمية.

ثانياً تخصيص بالمائة عشرين من واردات مكوس تلك المنطقة ومن واردات

**تەواوکاری یاداشتەکە.**

الكمركية المستحصلة من الاموال الواردة من الخارج والتي تصرف وتستفيد من تلك الربوع وذلك لاكمال حاجياتها.

(٥) ان تكون اللغة الرسمية في الالوية الاربعة سواء في دواوين الحكومة او المدارس ومع العاصمة هي اللغة الكردية.

يا صاحب الفخامة

الامة الكردية مع جزيل اعتقادنا بحسن نوايا حكومتها لا ترى مانعاً من ان تتقدم بكل احترام الى فخامتكم بصفتكم رئيس الحكومة الموقرة راجية تحقيق رغائبها هذه، كي تتمكن من ان تصبح في حالة تتمكن معها من استثمار اراضيها وترقية زراعتها وطرق مواصلاتها وتحسين حالتها وتوسيع دائرة معارفها واني لارجو ان تعلم فخامتكم بان الوحدة العراقية هي من اهم غايات الشعب الكردي وهي تامة وكاملة وعامة تشمل جميع العراقيين على تباين اجناسهم وطوائفهم وان اتحاد الشعب الكردي مع الشعب العربي العراقي ليس مبنياً على غاية محدودة وانما هو اتحاد متين مبني على اسس علمية من جغرافية وتاريخية وعوامل سياسية تؤيده الاعوام الكثيرة والحوادث الجمة والهامة وهي غير جاهلة بان (الوحدة العراقية) دعامة قوة الامة العراقية. والامة الكردية لا تطلب غير ماتعتقد في امكان تطبيقه وعدم تسببه اية ازمة مالية او سياسية. هذا وان كل فرد من افراد الشعب الكردي يعلق الامال على لطف الحكومة لتحقيق رغائبه المشروعة ولفخامتكم فائق التعظيمات سيدي.

اسماعيل راوندوزي

نائب اربيل

صورة منه الى:

فخامة المندوب السامي البريطاني في العراق للاطلاع

* * *

## تەواوكاری یاداشتەکە





**پاشکۆی ژمارە ( ٦ ) نووری باویل ئاغا. وەرگیراوە لە بەڕێز ( تەیب موعتەسەم ).**


پاشکۆی ژماره ( ٧ ) وێنەی گۆڕی ئیسماعیل بەگ و لەعلی خانی دایکی.بەکامێرای نووسەر گیراوە.



پاشکۆی ژماره ( ٧ ) وێنەی گۆڕی ئیسماعیل بەگ و لەعلی خانی دایکی.بەکامێرای نووسەر گیراوە.




**پاشکۆی ژمارە ( ٨ ) وێنەی ئیسماعیل بەگ/ وەرگیراوە لە بەڕێز ( تەیب موعتەسەم ).**



پاشکۆی ژمارە ( ٩ )ئیسماعیل بەگ لەسەر پردێکی ئەوکاتی رواندوز راوەستاوە.



وەرگیراوە لە بەڕێز ( تەیب موعتەسەم ).

پاشکۆی ژمارە ( ١٠ )وێنەیەکی کۆنی گەڕەکەکەی ئیسماعیل بەگ.وەرگیراوە لە بەڕێز ( تەیب موعتەسەم )



**مذكرة النواب الكرد الى رئيس الوزراء عبدالمحسن السعدون**

**پاشکۆی ژماره ( ١١ ) یاداشتێکی ئیسماعیل بەگ لەگەڵئەندامەکانیتر .لە کتێبی ئەحمەد محەمەد ئەمین قادر ( مجلس النواب ) وەرگیراوە**

بالعاصمة وممثلاً لكافة الوزارات في الوية الكردية وان يكون لديه هيئة استشارية ايضاً لمساعدته في امور مالية واقتصادية والصحية والعدلية الخ ... .

١- تطلب ان تسعى الحكومة لتعديل بعض المواد من القوانين المتبعة الان اذا وجدت منها ما هي مجحفة بحقوق سكانها والتي وضعية الجغرافية لتلك المنطقة لا تساعد لتطبيقها ونقترح ايضاً تطبيق مواد قانون الاراضي القاضية بلزوم تسجيل الاراضي مقصورة حق القرار على ان يسجلها دائرة طابو مجاناً لمدة سنتين على الاقل وذلك تسهيلاً لمصالح الاهلين وتشجيعاً لان يتقدموا الى تسجيل الاراضي.

- نقترح ان تصرف الميزانية العامة في المملكة على نسبة التابعة تخرج من المجموع الميزانية مقدار ماتصرف على دوائر المركزية وتصرف ماتبقى من الميزانية على نسبة عدد النفوس او على نسبة واردات التي تجبى الحكومة من المنطقة وبحدد بنظر الاعتبار واردات الكمارك العمومية.


ياصاحب الفخامة مع جزيل اعتقادنا بحسن نوايا حكومتنا لانرى مانعاً من ان نتقدم بكل احترام الى فخامتكم بصفتكم رئيس الحكومة الموقرة راجياً تحقيق رغائبنا هذه. لكي يتمكن الشعب الكردي من ان يصبح في حالة تتمكن معها من ان يصبح في حالة تتمكن معها من استثمار اراضيهم وترقي زراعتهم وطرق مواصلاتهم وتحسين حالتهم وتوسيع دائرة معارفهم ونحن لا نطالب غيرما نعتقد في امكان تطبيقه وعدم تسببه اية ازمة مالية او سياسية. ولفخامتكم فائق التعظيمات

كركوك السليمانية موصل اربيل سليمانية اسماعيل راوندوزي
محمد جاف سيف الله خندان حازم (شمدين آغا) جمال بابان محمد صالح نائب اربيل

سنة ١٩٢٩

صورة منه الى:
فخامة مندوب السامي الموقر

**تەواو کاری یاداشتەکە**



HIS EXCELLENCY THE HIGH COMMISSIONER FOR IRAQ
BAGHDAD

ON THE OCCASION OF YOUR EXCELLENCY'S DEPARTURE FOR LONDON IN RESPECT OF THE IRAQ TREATY CONFERENCE I ON BEHALF OF THE KURDS HAVE THE HONOUR OF INVITING YOUR EXCELLENCY'S ATTENTION IN THE MATTER OF THE KURDISH QUESTION

ISMAIL ROWANDUZI
EX M.P. OF ARBIL

5th July, 1930.

Ismail Rowanduzi


فخامت مندوبی سامی عراق بغداد

بمناسبتی سفری فخامتتان بولندن بو معاهدەی
بینی عراق و بریتانیا منی بە وکالتی کوردەکانە
وە تشرف ئەکەم کە فخامتتان دعوت بکەم
بو ئەوەی لە قضیەی کوردیە دا آگادار بن

مندوبی سابقی هەولیر
اسماعیل رواندزی

٥ تموز ٩٣٠

پاشکۆی ژمارە ( ١٢ )دەستنوسێکی ئیسماعیل بەگ ، لە گۆڤاری ڕووناکی کۆی ژمارەکانوەرگیراوە





\- 4 -

Birnichi Zédé Sidki Bey
Chouki effendi

Silwan — Président : Ali Agha, cehf de latribu "Silwan"
Membres : Ibrahim Bey
: Khatib Bey ben Seffeddine Pacha
: Cheikh Fakri (Chefs de la tribu
: Cheikh Faouzi( " Silwan "

Sahour — Présienat ; Nijmeddine Bey
Membres : Abdoullah Bey (Chefs "Rachidié"
: Mohamed Bey { Rachidié "
: Hadi Bey (.
: Cheikh Fathallah, chef de la tribu " Malanié".

Seert — Président : Seyd Mohamed
Membres : Cheikh Djalal
: Cheikh Nasrat effendi
: Cheikh Muhiddine Zoukrit
: Cheikh Azrat, chef de latribu "Mouta...

Bagdad (Irak) — Président : Dr Chukri Mehmet
Membres : Cheikh Ahmed, cousin du Cheikh Saïd
: Krikor effendi
: Khorchid, ex-officier turc
: Abdul Kérim Bey, ex-capitaine turc

Kerkouk — Président ; Mahmoud Djewdet ( ex-officier turc)
Membres : Rachid Bey
: Raouf Bey, officier irakien d'origine kurde
: 2 professeurs dont les noms n'ont pu être connus.

Sleimanié — Représentant: Toufic Wahbi Bey

Zakho — Président : Azem Bey député de Zakho
Membres : Mourad Khan, cehf de la tribu "Gohan"
: Mohamed Hassan
: Levon Pacha
: Saïd Pacha

Revandouz — Président ; Cheikh Barzané
Membres : Ismail Bey
: Saïd Hussein Husseini, directeur du journal kurde " Zarikurmandjé"
" Abdullah Bey, cousin de Saïd Taha.

Paris — Représentant: Chérif Pacha

Détroit Michigan — Président : Dr Soureya Bey Bedr Khan
Membres : Hadji Bey
: Djemal Bey

Londres — Président ; Raouf Bey, ex-Président du Conseil des Ministres en Turquie
Membres : Adnan Bey
Mihran Khanoum.

-:-:-:-:-:-:-:-:-

پاشکۆی ژمارە (١٣) بەڵگەنامەی بوونی ئەندامییەتی ئیسماعیل بەگ لە کۆمەڵەی خۆییبوون.

***IN TRODUCTION***

***Rwandz city is one of the old cities in south kurdistan .generaly it has a great political , social and administrative role in history of kurds and typically the surroundedareas.***

***In ١٩١٨ when first world war finished,the authority of othmanice country ended in Rwandz and no longer the existed there .so Rwandz took under the control of englishman . at that time the state of hunger and in tolerable of war ended in the city Rwandz .britain came and make Rwandz as apart of Hawler governance. Establishing english empair institutions occurred eith shex mahmood Revalutions contemporeanceously Asection of population in Rwandz was in agreement with recourse to the recently – instablished Turkish republicians against Englishman.The personality of Ismail Bag was so important in mz point of view ,becouse he could do many great jobs during his entire life .Ismail Bag worked in political,social ,administrative,and intellectual aspects.soon he attracted the attention of English chairmen and he elected as a representative of Hawler in chamber of Iraq deputies in (١٩٢٥- ١٩٣٣)it means in two terms of the first election of monarchy.During that period Ismail Bag gave many notions of national and nationalism to the Iraq government.He did unique works for kurdish people which are rare .in parliment and in his documentaries it proved hom he worked and what heapplied for kurdish nation .***